

# ئەزمونی شانۆی منداڵانی کورد. . بەرەوکوێ دەچێت؟!

ڕزگار کەریم

(کاتێک سەردەمێک دەگۆڕدرێ و یەکێکیتر دێتە ئاراوە، کاتێک نەوەی نوێ مێژووی لێدەشاردرێتەوە بە بڕیارێکی ڕامیاری، کاتێکیش هونەرمەندی کورد پشتگوێ دەخرێت، ئالەو کاتەدا پێویستە هەموومان یاداشتەکانی خۆمان بنووسینەوە تا مێژووەکەمان نەسڕدرێتەوە).

**پێشەکی**

کاتێ کە منداڵ بووم، زۆرم حەز لە شانۆیی بوو، لەگەڕەکی سەرشەقام دەژیاین، هەر کە بمبیستایە کە لەسەر شانۆی سانەوی ئاهەنگێک یا شانۆییەک پێشەکەشدەکرێت خۆمم دەگەیاندە گەڕەکی چوارباغ و بەردەمی شانۆکە، بەڵام بەداخەوە ماوەیەکی زۆر لەوبەردەمی شانۆیەدا ڕادەوەستام، بەڵکو کەسێکی بەسۆزو میهرەبان دڵی نەرم بێ لە چاودێرەکانی بەردەرگاو بمانکاتە ژوورەوە، هەموو کات هەمان سیناریۆ دووبارە دەبووەوە، دەمبینی کە منداڵی خوا پێداوەکان بە ئۆتۆمبێل دەهاتنە بەردەرگا لەگەڵ باوک و دایک و خوشکەکانیاندا بە جلوبەرگی جوانی کوردییەوەو بە فەرموو، فەرموو دەیانکردنە ژوورەوە. هەردەم خۆزگەم پێیان دەخواست تا درەنگانێک لەو ناوەدا دەوەستام بە هیوای ئەوەی کە لەگەڵ ئەو منداڵە ڕەشووڕوتانەی تردا بمانکەنە ژوورەوە کە نزیکی کۆتایی شانۆییەکە دەبووەوە لە دە خولەکی دوایی ئیتر دەرگا دەخرایە سەرپشت و منیش لەگەڵ شروبفرۆش و محەلەبی و گوڵە بەڕۆژەو چلورە فرۆشەکاندا هێرشمان دەبرد بۆ خانەی سەرەوە و تەنها فریای چەپڵە لێدانەکەی کۆتایی دەکەوتین، کە هیچ لەمەسەلەکە حاڵی نەدەبوین، تەنها ڕق و کەللە ڕەقییەکی پیرۆز کۆی دەکردینەوە کە دەبێ هەر بچینە ژوورەوە. لە زۆر شانۆی تریشدا تووشی ئەم مەسەلەیە دەهاتم، لەئاهەنگی نەورۆز و شانۆی چالاکی قوتابخانەکان و یادی دامەزراندنی پارتەکانیشدا.

کە گەورە بووم لە پۆلی سێهەمی ناوەندیدا بووم، چاودێری پۆلەکەمان هات و وتی:- دووکەس هاتوون دەیانەوێ شانۆیی بۆ قوتابخانەکەمان بکەن، ڕۆڵی جوتیارێکیان پیویستە کە دەبێ بگری، چونکە کوڕەکەی

له شۆڕشی ١٩٥٨ دا دەکوژرێت و ئەم کەسە دەبێ لەسەر شانۆ بگری، جامنیش پێمڕاگەیاندوون کە تۆ حەزت لە شانۆیە بۆ نایەیت بتبینن.

لەگەڵی ڕۆیشتم، بینیم (کاکە یاسین بەرزنجی – کە ڕۆڵی بەخە شێتی) دەبینی لە دراماکەی (مۆڵەت) دا و دەرهێنەرێک کاکە (نزار) ناوێک بوو هاتبوون، زۆر دڵم کرایەوە. دوای ئەوەی قسەیان بۆ کردین فەرموویان دەوری ئەو جوتیارە دەدەین بە تۆ، شانۆییەکەش ناوی (خۆر) بوو. لەفێستیڤاڵی مەڵبەندی چالاکی ئەو ساڵە بەشداریمان کرد، من زۆر حەزم بەیاری تۆپێن بوو ئەندامی قوتابخانەکەمان بووم و لەکارگەی جگەرەش تیپێکمان هەبوو کە (ئەحە شوتپان و براکەیی و کەمالی ئەحە قومار) یارییان تێدا دەکرد، بوونی ئەم زاتانە بۆ ئێمە زۆر دانسقە بوو کە خۆیان بەناوبانگ بوون لە شارەکەدا و خۆمان تیپەکەمان لەکارگەی جگەرە دروستکردبوو، بە سواڵکردن و نامە ناردن بۆ دەوڵەمەندەکانی شار نەمدەویست وەک لاوێک ئەو چالاکییە واز لێبهێنم، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە شانۆییەکەمان پێشکەشکرد سەراپا چەپڵە لێدانی گەرمی بینەران ژیانی گۆڕیم و تا سێ و چوار شەوو هاژەی ئەو چەپڵانە لە گوێما دەنگیان دەدایەوە، چونکە لە ژیانمدا تا ئەو کاتە ئافەرین نەکرابووم کە ئەو شانۆییەم تەواو کرد، دووسێ ئافرەت یەکێکیان پاندانێکی پارکەرو ئەویتر کراسێک و چەپکێ گوڵیان پێبەخشیم کە هەر هەموویان خەڵکی گەڕەکەکەمان بوون، ئیتر ئەوە سەرەتای دەستپێکردنم بوو، بڕیارمدا مافی هەموو ئەو منداڵە کڵۆڵ و هەژارو شەرمنانەی شارەکەم ڕزگار کەم لە چاوەڕوانی گۆدۆیی بەردەمی شانۆکاندا.

هەر کە چوومە سانەوی سەڵاحەدین یەکسەر تیپێکی شانۆی منداڵانم دروستکردو کەوتمە ئامادە کردنی چیرۆکی منداڵان بۆ یادی نەورۆز، بەبیرمدێت یەکەم چیرۆک (سەیرانێک لە ئەزمڕ)ی مامۆستا (موحەڕەم محەمەد ئەمین) بوو. تەمەنم خۆی دەدا لە١٧ ساڵیی، لە خۆمەوە خۆمکرد بە ماڵەکەیاندا و پێمڕاگەیاند، کە دەمەوێ ئەو چیرۆکەی بکەمە شانۆییەک بۆ یادی نەورۆز، مامۆستا زۆری پێخۆشبوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە بووینە هاوڕێی یەکتری، لە هەرشوێنێکی شاردا بمبینیایە رایدەگرتم و هەواڵی خوێندن و ژیانی لێدەپرسیم. هاتم چیرۆکی (دارلقەکەی) مامۆستا (جەزا عەلی ئەمین) م هێناو کردمە شانۆییەک بۆ منداڵە وردیلەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندی و ئەوەکەی مامۆستا موحەڕەمیشم کردە شانۆیی گەورەکانی پۆلی چوارەم و پێنجەمی سانەوی و سەرکەوتنێکی چاکمان بەدەستهێنا، بەرلەساڵێکیش گروپەکەمان دروستکردبوو> کە لە مانگی ١٩٧٨/١١ دا شانۆیی (تەنیا کەوش لەپێکردنەوە حیساب نییە)ی (محەمەد ڕەشید فەتاح)م ئامادەکردبوو بۆ گەورەکان، کە لێرەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەدا پەیدا کرد و تیپەکەمان ناونا (تیپی گزنگی شانۆیی سانەوی سەلاحەدین)، مامۆستا نەوزادی عەبەکەش شانۆییەکی سیمبوڵی جوانی رامیاری نووسیبوو، راستی ناوەکەیم لەیاد نییە هەرچەندە گوتی لە ئینگلیزییەوە وەریگرتووە، ئەویشمان پێشکەشکرد. هەرچەندە تیپێکی تریش هەبوون کە یەکسەر لە یاریگای قوتابخانەدا دەستیان ئەکرد بە شانۆیی ئیرتیجالی و قوتابییەکانیان دەخستە پێکەنین لەناو قوتابیەکاندا، وا باو بوو لەگەڵ ڕێزمدا پێیان دەوترا تیپی (ئەسپی عەرەبانەو جەماعەتەکەی)، بەڵام ئێمە توانیمان جێپێی خۆمان بکەینەوە، لەم بارەشدا مامۆستاکانمان زۆر یارمەتیاندا وەک (ئەحمەد سەلام و سەلام مەنمی و نەوزادی عەبەکەو مامۆستا بەشار) کە دەیانگوت: تۆ شانۆیی بکە ئێمە وانەی تایبەتیت پێدەڵێینەوە. دەمەوێت ڕێزو ستایشی ئەو مامۆستایانە بکەم کە لە ساڵی ١٩٧٨ دا، کۆرسێکی هاوینەیان کردەوە بۆ هەندێک لاوی کورد کە هەموو وانەکانی شانۆییان پێدەگوتینەوە، لەوانەش مامۆستایان:- (ولیەم یۆحەنا وعوسمان چێوارو فازیل قەساب و تەها خەلیل وبورهان مەسرەف و کاوە ئەحمەد میرزا و شەماڵی عەبە

ڕەش) بوون، نابێت ڕۆڵی مەزنی مامۆستا جەلال عەزیزمان لەیاد بچێت کە وەک باوکێک یارمەتی دەداین و وانەی مۆسیقاش دەگوترایەوە بۆ منداڵان، بەڵام ئێمە بەشی شانۆبووین کە وێنەیەکی دوا ڕۆژی کۆرسەکە لەنامیلکەیەکی ڕێزلێنان بۆ مامۆستا جەلال عەزیز لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە کە قوتابیەکانی شانۆی ئەو کاتە بریتیبوون لە:- (بەندە، ئیبراهیم چێواری جوانەمەرگ، سیروان جەمال، شیروان عیزەت، جەبار مەعروف و غەفوور عەبدوڵا و لوقمان مستەفاو، چوار برادەریتر کە بەڕاستی ناویانم لەیاد نەماوە) داوای لێبوردن دەکەم. . لە سانەوی سەلاحەدیندا لەوکەسانەی کەلەو تیپە وەهمییەدا بوون بەئەندام ئەمێستا زۆریان هونەرمەندی شانۆو درامایی کوردین لەوانەش (یاسینی حاجی قادر، چووەتیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی و پەیمانگە، ئێستا لە لیدز- بەریتانیا دەژی و ئاسۆ عومەر کە لەم دواییەدا بە سەرکەوتوویی لە درامای " گەردەلوول" دا بینیمەوە، ئاسۆ عەبدوڵڵا کە پاشێ بووە کۆرسی تیپی مۆسیقای سلێمانی و لە زۆر بەرهەمە گرنگەکانیدا بەشداری کرد. . هتد لەگەڵ کاک نەجمەدین دا کە خەڵکی هەڵەبجە بوو پێکەوە چیرۆکەکانی (حەسەنی قزڵجی)مان دەخوێندەوە تا شانۆیی لێئامادە بکەین، کە چوومە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ئەو هاوینەی پێش دەستپێکردنم لە پەڕتووکخانەکەی تیپی نواندنی سلێمانیدا کە تێیدا بووم بەدۆست، هەندێ گۆڤاری سۆڤێتیم دۆزییەوە کە موڵکی مامۆستا (غازی بامەڕنی و شێخ تاڵب بەرزنجی) بوون، کە ڕوانیم سۆڤێتییەکان چۆن درامای تەلەفزیۆنی و شانۆیی منداڵان و سینەمای منداڵانی) خۆیان هەیە، کسپە لە جەرگمەوە هات. حەزم دەکرد ببم بە ئەکتەر، بەڵام هۆی سەقەتی پەروەردە و باری کۆمەڵایەتی منداڵان و نەبوونی شانۆیەکی باوەڕپێکراوی منداڵانی کورد، وەهایان لێکردم کە زیاتر گرنگی بدەم بەدەرهێنان و مێژوویەکی وەها برەخسێنم کە ساڵەها بوو هونەرمەندی کورد خەونی پێوە دەبینی!!

جابۆیە، دەستمکردە توێژینەوە دەربارەی باری دەرونی منداڵان بە هەموو تەمەنەکانییەوە، لە لەدایکبوونییەوە تا پلەی مێرد منداڵیی و ١٨ ساڵان کە دەبێتە لاوێک. پاشان بەدوای دەقێکی سەرسام و چاکدا دەگەڕام تا ڕۆژێک هات مامۆستا (قاسم محەمەد) شانۆیی (شازادە بچکۆلانەکەی) (ئەنتوان ئاکزۆپێری) لە تیپی نەتەوایەتی بەغداد پێشکەشکرد، بە توانایەکی دارایی زۆر مەزنەوە کە شانۆییەکەم بینی لەڕووی دەرهێنان و دیکۆرو ڕووناکی و مۆسیقاو سەماوە سەرکەوتووبوو بەڵام لە ڕووی ئەکتەرانەوە هەموویان کەسانی زەبەلاحی شانۆی عێراقی بوون، لەوانەش ڕۆڵی منداڵەکە (عەبدولکەریم عەبوود) دەیبینی کە کورتە باڵابوو، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو لە پۆلی سێهەمی ئەکادیمیاش بوو، لە نواندنەکەیان ڕازی نەبووم، کە بە بڕوای من منداڵی کورد زۆر لەوە زیاتریشیان پێیەو دەتوانن ئەو ڕۆڵە بە سەرکەوتووییەوە ببینن. بۆیە پیلانم داناو ساڵێک خۆم بۆ ئامادە کرد، بڕیاریشم دابوو کە بەهەر شێوەیەک بێ مامۆستا (قاسم محەمەد) بێتە سلێمانی و بیبینێ، بەڵام بەداخەوە لەبەر باری ڕامیاری ئەو سەردەمە مەحاڵ بوو کە بێت بۆ سلێمانی، پاشان هەموو ئەو نووسینانەی کە بەعەرەبی و کوردی لەسەری نووسرابوو بردمەوە بۆ بەغداو نیشانی مامۆستا (قاسم محەمەد)م دا، ئەو ڕۆژە وا ڕێکەوت مامۆستا (یوسف عانی) لەلابوو. . تەماشای نووسینە عەرەبییەکانیان دەکرد، لەگەڵ وێنەکاندا، پاشان تەماشا یەکی یەکتریان کرد و کەمێ بێ دەنگبوون. . مامۆستا یوسف عانی ویستی شتێک بڵێ، لەپڕ مامۆستا قاسم پێی بڕی و گوتی: کوڕم چۆن توانیت ئەم منداڵە ١٤ ساڵانە بهێنیتە سەر شانۆ، تۆ دەزانی ٤٠٠ دیالۆژ زیاتری هەیە. بە نووسینەکاندا دیارە کە کارەکەت جوان بووە. چۆن ئاوا بەسەرکەوتوویی ئەم منداڵە توانی ئەو کارە ئەنجام بدات؟!. مامۆستا یوسف عانی هەر تەماشای دەکردم و سەری بادەدا، وتی: لە پۆلی چەندی؟ گوتم: پۆلی دووەمی شانۆ. دیسان سەری

بادایەوە و تەماشای مامۆستا قاسمی دەکرد!! وتی: سلێمانی، ئای سلێمانی. . (ئیتر لەو سەربادانەی حاڵی نەبووم). من مەبەستم نەبوو کە هونەرمەندانی عەرەب دەستخۆشیم لێبکەن، چونکە هونەرمەندان و رۆشنبیران و ئەدیبانی کوردو بەتایبەتیش منداڵان و لاوان و تیپی نواندنەکەم زۆریـان بـەدڵ بوو، بەڵام دەقەکە موڵکی مامۆستا قاسم محەمەد بوو، دەبوا بیزانیایە کەچی کراوە بە داراییەکی کەم لە کاتێکدا تیپی نەتەوایەتی عیراق هەزارەها دیناری بۆ نووسخە عەرەبییەکە خەرجکردبوو. (عەبدول کەریم عەبوود) یش چاوەڕێی نەدەکرد منداڵێک ئەو کارە زەبەلاحە ببینێت.

ئەو منداڵە بەهرەمەندەی کورد کاکە (عەباس بۆسکانی) بوو کە ئێستا شاعیرێکی سەرکەوتوی لێدەرچووەو لە ئوستراليا دەژی، ئـەوەی جێی داخی من بوو، دەبوا رۆژێک پاش مۆنتاژێکی کەم لە یەکێک لە تەلەفزیۆنەکاندا لێبدرایە، ئەو بابەت و درامایانەی کە ١٧ساڵە بۆ منداڵان و مێردمنداڵان لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێت، ئەمەندە سادەن هیچ کات ناگەنەوە ئەو سەردەمی نەبوونیی و ژێردەستییەی رژێم.

**شانۆی منداڵان و شانۆی منداڵانی کورد**

جیهانی منداڵان زۆر جیهانێکی بەرفراوانەو پڕە لە تەمو مژو گرێجیهانێکە گەر مرۆڤێک بیەوێت لەسەری بدوێت یا توێژەرەوەیەک بیەوێت باسێکی لەسەر بنووسێت، بەگەلێ کۆرو پەرتوک کۆتایی نایەت، لەبەر ئەوە من لەلای خۆمەوە ئەو بابەتانەم گرتووە کە پەیوەندی هەبووە بە شانۆی ساڵانی هەشتاو پاشە ڕۆژی منداڵانی کـوردەوە. وەک ئەو شتانەی کە لەبەر دەستابوون کە پاشەڕۆژ بتوانین سوودی لێوەربگرین، بۆ نمونە ئەکتەرو نووسەر لە شانۆی منداڵانی کوردا، ئەو بابەتانەی کە مەرجە بۆ پاشەڕۆژی شانۆی منداڵانمان. لەبەر ئەوە زۆر لایەنیترم نەگرتووە. (ئەو پاشە ڕۆژەی کە ئەوسا باسمدەکرد دەبـووا پاش ٢٩ ساڵ لە ٢٠٠٩ دا بهاتایەتە دی، بەڵام کە ئێمە لە کوردستان نەبووین نەوەکانی دوای ئێمەش ئەم کارەیان بۆ نەڕەخساو حکومەتیش پسپۆڕەکانی دەرەوەی خستبووە پشتگوێ، جا بۆیە تا ئێستاش شانۆیەکی پرۆفێشناڵی منداڵانمان نەدییەوە!!).

خزمەتکردنی شانۆی منداڵی کوردو پەروەردە کردنیان دوا دوائاواتمان بوو، بەو پێیەی کە هونەری شانۆ جیهانیکی نزیکە لە جیهانی پاکی منداڵانەوە ئەگەر بمانەوێت پیاوانی پاشەڕۆژ زیرەک و هوشیار بن دەبێ لە منداڵانی ئەمڕۆمانەوە دەستپێبکەین. تابتوانین شانۆیی و ئۆپەرێتی جوان پێشکەش بە منداڵانی کورد بکەین، شانۆیەک کە خەونەکانی منداڵانی کوردی تیا ببینریتەوەو لەگەڵ ئاوات و پەروەردەی کوردیدا بگونجێت. (ئەم وتەیەم ساڵی ١٩٨٠ نووسیوە کە٢٩ ساڵێک لەمەوبەر دەکات)، لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی یەکەمدا لە هەولێر ١٩٨٤، باسی ئەوەم کردبوو کە پێویستە بگەڕێینەوە فۆلکلۆرو مێژووی شۆڕشی بازیان، کەچی گەر کاک مەحمود زامدار نەبوایە سەرم تیا دەچوو، جاش ئەدیبێکی کورد بە مصلح جەلالی و پیاوەکانی ڕژێمی گوتبوو کە لە کۆڕەکەدا رزگار باسی شۆڕشی بارزانی کردووە، خواو مەحمود زامدار نەبونایە سەرم تیا دەچوو، ڕاستی من دەمویست بلێم فیلمی (بەسەرهاتی گەورە) ی کە حکومەت دەربارەی (شێخ شەعلان) کردبویان لە بنچینەدا باسی (شێخ مەحمودی نەمر) و شەڕەکەی بازیان بوو، ئەوان تەزویریان کردبوو کە (ئۆلیڤەر رید) ڕۆڵی تیدا دەبینی بەڵام ئاسان نەبوو باسی بکەم لەوێدا.

**یەکەم: کورتەیەک لە مێژووی سەر هەڵدانی شانۆی منداڵانی جیهان.**

زۆربەی مێژوناسەکانی شانۆی جیهان، دەست بۆ ئەوە دریژ دەکەن کە سەرەتای لانکەی شانۆی منداڵان بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور بگەڕێننەوە. دەڵێن کە بەر لە دوو هەزار ساڵ پ.ز، گەلی چین لە یەکێ لە جەژنە ئاینییەکانیاندا یاری سیحر بازی و سەمای شەڕە شیرو ئاهەنگی جوانییان پێشکەشکردووە،

لەم کاتەشدا جۆرێک لە شانۆی منداڵان بە ناوی سێبەری خەیاڵەوە باو بووە، شانۆی سێبەری خەیاڵ جۆریکە کە پەردەیەکە ڕووی لە بینەرانە، یەکێک لەو کەسانەی کە یاری دەکات هەندێ بووکە شووشەی بەدەستەوەیە لە پشت پەردەکەوە کەس نایبینێ، لەپشتیەوە ڕووناکییەک دەدرێت لەم ئادەمیزادە بەشێوەی خەیاڵ لەلایەن بینەرانەوە جوڵەکانی نیشاندەدرێت، بەڵام ئەم شانۆیە بۆ ١٠٠٠ ساڵ بەر لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە. لە (جاوا) دا کە شوێنێکی ئەم ناوچەیە بووە. باوکی خێزانەکان بە جوڵاندنەوەی هەندێ بووکەشووشەی جوان و خنجیلانە لە ماڵەکانیاندا بۆ منداڵەکانیان هەڵدەستان، هیندۆسەکانیش لە فێستیڤاڵە ئایینییەکانیاندا گەلێک سەماو مۆسیقای تقوسیان هەبووە، بۆ گەورەو بچوک. کە مۆرکێکی درامی بەخۆیەوە گرتبوو تا بەشداری ئەو سەمایانە بکەن، هەندێ کەسی تریش دەڵێن گوایە هیندستان لانکەی سەرهەڵدانی شانۆی بووکەشووشە بووەو پاشان ژاپۆنییەکان بۆ کاتبەسەربردن لەم جۆرەیان پێشکەش بە گەورەو منداڵ کردووە. لێرەدا بە هۆی ئامێرێکی مۆسیقاوە. ژاپۆنییەکان درامای شیعرییان بە هۆی شایەرێکەوە دەگێرایەوە، بەو ئامێرەشیان دەگوت سامسین، کەلەم ئاهەنگانەدا بەکاریان دەهێنا، بەو پێیەی گەلی یۆنانیش کە بەکۆنترین خێزانی شانۆ ناسراون دەڵێن:- منداڵانی یۆنانییەکانی کۆن لەسەدەی پێنجەم و شەشەمی پ. ز دا، بەشداری ئەو سەما ئاینیانەیان کردووە کە لە گۆڕەپان و شانۆکاندا سازدەکران، هەروەها منداڵان زۆربەی بینەرانی شانۆییەکانیان پێکدەهێنا لەسەردەمی «ئەسکیلۆس و ئۆرپیدس و سۆفۆکلیس و ئەریستوفا نیسدا». کە بە پەرۆشەوە منداڵان بۆ ماوەیەکی زۆر لە گۆڕەپانی شانۆییەکاندا ماونەتەوەو تەماشای شانۆییەکانیان کردووە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک ئەوەی نەسەلماندووە کە دەقێکی تایبەت بە شانۆی منداڵان لە یۆنانی ئەو کاتەدا پیشکەشکرابێت، پاش ئەمان ئەگەر بێینە سەر شانۆ لای ڕۆمانەکان دەبینین مۆرکێکی تایبەت لە پێشکەشکردنی سەما ئایینییەکانیاندا بەدیدەکرێت، کە لەهیچ گەلێکی ئەو سەردەمەدا نابینرێتەوە، گەلی ڕۆمان هەرچەندە شانۆییەکانیان تایبەت بەگەورەکان بووە، بەڵام لە نێوان دیمەنەکان و بەشەکانی شانۆییەکاندا دەهاتن مەڕو ماڵات و فێستیڤاڵێکی جوانیان پێکدەهێنا، کە پێکهاتبوو لە ٥٠٠ تا ٦٠٠ سەد سەر ئەسپ و فیل و گیاندارانی ترو عەرەبانەی ڕەنگاو ڕەنگ و جوان لەگەل تیپی مۆسیقای سرودی ئەو کاتەدا ئەم دیمەنانە سەرنجی منداڵانی زۆر ڕادەکیشاوبینەرێکی باشی ئەو کاتەی شانۆکان کە زۆربەیان منداڵان بوون بە هۆی ئەمەوە پێکدەهات، ئەگەر لەشانۆی ئۆریستدا ئاگا مەمنوون لە تەڕوادە بهاتایەتەوە، هەموو مەڕو ماڵات و عەرەبانەو دیلەکانیان لە پێش دیمەنەکانەوە بە فێستیڤاڵێکی گەورە و لێبۆک و جلوبەرگی سەرسوڕهێنەرو باق و بریق نیشانی خەڵکی دەداو پاشان ئەکتەرەکان دەستیان دەکردە نواندن، بەڵام لەگەڵ ئەم دیمەنە ڕەنگینانەشدا کە منداڵانی بێتاقەت نەدەکرد، وینفرید واردی ئەمەریکی دەڵێت:- بینەری منداڵان لەشانۆی ڕۆمانیدا کەمتر بوون وەک لەشانۆی یۆنانی. لەگەڵ ئەو هەموو دیمەنە جوانانەشدا کە بەکاریان دەهێنا. )[١]، چونکە شانۆی یۆنانییەکان باسی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی باوو باپیران و خواوەندەکانی گەلی یۆنانی دەکرد، بەم پێیە هەموو خێزانێکی یۆنانی دەهاتنە سەیری شانۆییەکان و لەهەمانکاتیشدا میری ئەو کاتە مافی بە هەموو کەس دابوو بۆ ئەوەی بێتە سەیری شانۆکان. جگە لە کۆیلەکان، لەلای ڕۆمانەکان جۆرێکیتر لە نواندن بەناوی شانۆی کۆمێدیای دیلارتەوە هاتە کایەوە کە ئەم جۆرە منداڵانێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە کە لە گۆڕەپان و یاریگاو بەردەم مەیخانەکان وشوێنی عیبادەتدا پێشکەشدەکرا، ئەمجۆرە لە شانۆ بابەتی قۆشمەو پیکەنیناوی دەخستە بەردەم بینەران، مامۆستا (شەفیق مەهدی لە ئەکادیمیای بەغدا لە لێکچەرەکەمدا هەستاو مونازەرەیەکی دەربارەی ئەم مەسەلەیە گوت کە

دەڵێت:- هەتا شەفیق مەهدی باوەڕی بەوە نەبوو کە منداڵ بێت بۆ شانۆ لەبەر ئەوەی سێبەری باوک و دایکیانن، چۆن بێت بۆ شانۆ خێزانە عێراقیەکان ناتوانن بێن بۆ شانۆ. کومیدیای دیلارتی خەتەرە بۆ منداڵان) هەستمکرد کە هەندێک لە باسەکانم بە هەڵە برادەرێک بۆ مامۆستا شەفیق مەهدی وەرگێڕابێت، بەڵام لە سلێمانی ئەم وتەیەمان بە تاقیکردنەوە ڕەتکردەوە نەک هەر باوک و براو خێزانەکان منداڵە کانیان دەهێنا بۆ شانۆییەکانمان، بەڵکو زۆر منداڵ هەبوون کە بە خۆیان و ٧٥٠ فلسەکەیانەوە دەهاتن و بلیتیان دەبڕی کە بۆ ماوەی سێ ساڵ کارەکان وەها بوون!! چەند جار لە کەبابخانەو چێشتخانەکانی سلێمانیدا منداڵی شاگرد نەیان دەهێشت من پارەی خواردنەکانم بدەم دەیانگوت:- ئەوە کوڕەکەی هەڵەو، هایە. کە یەکەم دیالۆژی کاراکتەرەکەم بوو!!

وتیشی:-(مەزنترین شت ئەوەیە ئەم موحازەرەیە ببێتە نەدوەیەک. بس انا اتمنی لاخ رزگار ان یکتب بحثا اخر فی تکنیک مسرح الاطفال فی تاثیرها وربما لاناره و لدیکور، یعنی قد احنا نقول ماهذه المبالغة في هذا الكلام ان احس لیس فی الامر مبالغة ابدا حالة جدا منطقیة.) وەڵامی هەندێ کەسی شارەزاو نەشارەزای دایەوە کە دەیانویست لیکچەرەکە بچوک بکەنەوە!!

B. B. C و HBO پێکەوە مەزنترین درامایان لە سەراسەری مرۆڤایاتییەوە کرد بەناوی (ڕۆما) (Rome)وە، کە باسی لەمێژووی ڕۆماو سەرکردەو ئیمپراتۆرەکانی دەکرد کە سەد توێژەرەوەی شارەزا بەشدارییان تێدا کردبوو، لەو ١٠٠ ملیۆن پاوەندەی کە لەم زنجیرەدرامایە دا خەرجکرا کە بە گرانترین زنجیرە درامای مێژوو ناونووسدەکرا، بۆم دەرکەوت کە منداڵان زۆرترینی بینەرەکانی ڕووخسارە شانۆییەکانی ئەوسەردەمەیان پێکدەهێنا، واتا گومانەکەی من بەرلە ٢٩ ساڵ لەجێگەی خۆیدا بوو!!

لەسەدەی شەشەم تا سەدەی یانزەهەم شانۆیەک بە مانای شانۆ لای ڕۆمان نەبووە، جگە لە کۆمەڵێ گۆرانیبێژ کە سەماو سرووتی ڕۆمانیان بەشێوەیەکی جنسیانە دەخستەڕوو، هەرچەندە بەشداریکردنی منداڵان لەم دەورەدا قەدەغە بووە، بەڵام زۆربەی خێزانەکان منداڵەکانیان بۆ ئەم سەمایانە دەهێنا، فێستیڤاڵەکان سرووتێکی ئاینیی بوون، کە پێویست بوو منداڵان بەشداری ئەو سەمایانە لەگەڵ خێزانەکانیاندا بکەن، پاشان ماوەیەک جۆرێک لەکاربەسەر بردن هاتە کایەوە بەناوی (مینیسترال) سروود بێژەوە، کەسێک هەندێ گۆرانی بەیارمەتی ئامێرێکی میوزیکی لەبەردەم مەیخانەکان و گۆڕەپانەکان و بازاڕەکاندا چیرۆکی گۆرانی بە هۆی سازەوە دەگێڕایەوە، کە ئەمجۆرە زۆربەی منداڵان و گەورەکانیشی دەگرتە خۆ. ئەگەر بەکورتی بگەڕێینەوە سەر نەتەوەکانی ئەوروپای کۆن، ڕووبەڕووی جۆرێکی تر لە دراما دەبین بە ناوی درامای میللییەوە، کە بەشێوەی شانۆی بچکۆلانە فێستیڤاڵی ناوچەکان لەجەژنی بەهارو لەدایکبوونی مەسیح دا پێشکەش دەکرا، کە باسی نەریت و هەڵس و کەوتی فولکلۆری ئەم گەلانە دەکات (وەک نیرسەری ڕاین) کە مەتەڵۆک و هەڵهێناندنیانە تایبەت بۆ منداڵان، خۆشمان لە ئاگری نەورۆزدا منداڵان بەشداری ئاگر کردنەوەی نەورۆز دەکەن بەلاسایی کردنەوەی تەمسیلی کاوەی ئاسنگەر لە لادێکان و شارۆچکەکاندا کە باسوق و سجوق و چەرەس و مێوژە ڕەشکە بەسەر منداڵاندا دەبەخشرێنەوەو کیژە بچکۆلەکان لەو لاوە یاری مەتەڵ و مەتەڵۆک دەکەن و کوڕی منداڵکاریش یاری هەلوور بەلوور تەکامەو زەردو سوورو شەمامەو هەڕەکان و مەڕەکان بانی بانی گردەکان و هۆ ڕێوی ڕێوی هۆو دەکەن، لەم کاتانەدا گەلێ یاری منداڵانە دەکەن لە جۆری پادشاو منداڵان کە شێوەی شانۆیی میللیی بەخۆوە دەگرێت، منداڵان دەڵێن:- ڕۆژباش ئەی پاشا. پاشاش دەڵێت:- گیانتان باش ئەی منداڵان ئەوە چی دەکەن؟ ئەمانیش بە پانتۆمایم تەمسیلی

نواندنی بێدەنگ، نواندنی جۆری ئیشێک دەکەن وەک نانکردن و بووک ڕازاندنەوەو حەمامۆکێ تا پاشا هەڵی دەهێنێت، (ئەم یارییەم کردە سەرەتای شانۆیی پیلاوی سوور لەگەڵ هێنانی کاراکتەری خدری زیندەدا بۆ ناوی، هەرچەندە ئەم خدری زیندەیە گیروگرفتی دروستکرد لەلای لێپرسراوانی تەلەفیزیۆنی کەرکوک، بەڵام ئێمە دەرمان کرد بەوەی کە پیرەمێردێکی حەکیمەو بەس، جا خاتوو خانم ڕەسووڵ ی هاوڕێ و ئازیزم بۆی کردمە هۆنراوە) کە تائێستاش لە زۆربەی کۆڵانەکانی گەڕەکەکاندا ئەم یارییە ماوە، ئەگەر لەم پارچەیە ورد ببینەوە دەبینین لاسایی تێدایە، لەگەڵ کاراکتەر و دیالۆژ و لاسایی شانۆیی ئەم یاریانە لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆرن کە لە شانۆی میللییەوە نزیکن و تویژەرەوەکانمان پەییان پێنەبردووە، لەبەر هەژاریی ڕۆشنبیریی شانۆییمان. لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە دەمەوێت بیسەلمێنم کە کورد و میدەکان لە ٦١٢ ی پێش زایینەوە ڕووخساری شانۆییان هەبووە. (یوگینا باربە و نیکۆلا ساڤاریز) لە پەڕتووکی (نهێنی هونەر لای نمایشکەران) (The Secret Art of the Performer) دا دەربارەی شانۆی ئەنتروپۆلۆجی باسی بالانس و دەست و دەموچاوو قاچ وڕیتم و تەکنیکی لەش وجلوبەرگ دەکەن و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین و شانۆی ئەنترۆپۆلۆجی دەبەنەوە ئەوەی کە:- (شانۆی ئەنترۆپۆلۆجی خوێندنی هەڵسوکەوتی مرۆڤە لەکاتی بەکارهێنانی فیزیکی لەشی و ئامادەگیدا، کاتێ لە بارێکی نمایشکردنی ڕێکخراودا خۆدەبینێتەوە بەهۆی هەندێ مەبادیئەوە کەلە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی جیاوازترە. کە ئەم بەکارهێنانە زیادەیەی بۆدی لەشی ناو دەبرێت بە تەکنیک)[٢]، بەپێی مانیفیستۆی ئەم لێکۆڵەرەوە مەزنانە، کەواتە هەموو هەڵسووکەوتێکی مرۆی کوردیش لە جەژنە میللیی و نەتەوەییەکانیدا لە سەردەمی بوونییەوە دادەنرێن بە ڕووخساری شانۆیی، ئەو وێنەو جوڵەی لەش و لارو بۆدی تەکنیکانەی کە بەنموونە هێناویانەتەوە لە مێژووی میللەتاندا وەک:- لۆکادهارمی (Lokadharmi) هەڵسووکەوتی ژنێکی هیندی لە ئاودەستدا، کە تابلۆیەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١١ ی پێش زایین، کە ڕەسامەکە بەجۆرێکی جوان بالانسی ژنەکەی تۆمار کردووە کە دانیشتووەو لەسەر تەوالێت و تەماشای خۆی دەکات لە ئاوێنەیەکدا، یان باسی سەماکەری دەروێشێ دەکات لە (Dilation) (خۆکێشانەوە یا بەربڵاوبوونەوەی لەش) دا وێنەی دەروێشێکی حەڵەبییە و لەولاوەش وێنەی (هیلینا ڤایکڵی) (دایکە ئازا) ی (بیرتۆڵد برێخت و ئیریک ئینجڵ) ی داناوە کە کوتومت جوڵانەوەکەی هیلینا ڤایکڵ لە دەروێشی و زیکروحاڵەوە وەرگیراوە. لە مەقالی (دراماتۆرگ) یشدا وێنەی (ئۆدن تیاتری) ی پیرۆ و چیلی هێناوەتەوە بە نمونە کە لە هەوای کراوەدا لە لادێیەک شانۆیی پێشکەشدەکەن، هیچ جیاوازییەکی نییە لەو ڕووخسارو سەماو جلوبەرگانەی منداڵان کە بووکە بە بارانێ دەکەن لە لادێکانی خۆماندا و بەناو لادێکاندا دەگەڕێن چونکە بەجلوبەرگ و کۆمپۆزیشنەکانیاندا دیارە کارێکی سادەی کەڵچەریی لادێکانی خۆیانەو هیچ هونەرێکی تێدا نییە، من لێرەدا ڕەخنە لە یۆگینۆ باربە ناگرم، بەڵکوو پشتگیری فەلسەفەی شانۆ ئەنترۆپۆلۆجییەکەی دەکەم، چونکە بەو پێیە بێت کورد و مادەکانیش لە ٦١٢ ی پێش زاینەوە روخساری شانۆی ئەنترۆپۆ لۆجییان هەبووە، گەر روخساری لەش و دەست و پەنجەو سەماو گۆرانی چیرۆک گێڕانەوە شانۆیەکی میللیی بن بۆ مرۆڤایەتی و ئێمەی هەژارو نەگبەت تابلۆیەکی سەدەی ١١ یان ١٥ مان نەبێت بۆ گەواهی دانی ئەمە، ئەوا خۆشبەختانە لە مۆزەخانەی بەریتانیدا زۆر ڕووخساری شانۆییمان پاڕاستراوە بە هۆی شەڕی مادەکان و کورد لە گەڵ ئەسیریەکاندا. . گەر کەسێک بڕوانێتە ئەو تابلۆیانەی شەڕی ئاشور یەکان (ئەسیریان) لە مۆزەخانەکەدا دەبینێت کە

كوردو مادەكان جلوبەرگ و كەلوپەلی جەنگی و بالانس و كۆمپۆزیشن و جولانی لەشیان لەكاتی پێشكەشكردنی شەڕەكاندا گەواهی ئەوە دەدەن كە ئەو عەنعەنات و ڕووخسارە درامییانەیان شانۆیەكی ئەنترۆپۆلۆجی زیرەك و هوشیاریان هەبووە لە تابلۆكاندا كە پێویستە مێژوو ناسەكانمان بێن و لێیبكۆڵنەوە. بەڵام ئەوەی كە جێی داخە لە بری ئەوەی كە بنووسرێن لە تایتڵی ژێر تابلۆكاندا شەڕی ئاشوری و ماددەكان هەردەم نووسراون شەڕی ئاشوری و (دوژمن). ساڵی ١٩٩٦ نامەیەكم نارد بۆ مۆزەخانەی بەریتانی و ئەم مەسەلەیەم تێدا ڕوونكردەوە كە لێپرسراوەكانی مۆزەخانە كەسانی پسپۆڕو شارەزان لە مێژووی ئەو ناوچەیە، نە ئەبوو بیان نووسیبا (دوژمن)، چونكە ئەو دوژمنەی كە ئێوە نووسیوتانە هەر هەمان كوردو ماددەكانن كە لە ٦١٢ پ.ز ئاشوریەكانیان شكاندو لەو ڕۆژەوە كوردستان و ئێران و پاكستان و ئەفغانستان ٢١ ی مارچ ئاگری نەورۆز دەكەنەوە، بە خۆشی ئەوەی كە ناوچەكە لە ئیمپراتۆریتێكی زاڵمی ئەو كاتە ڕزگاری بووە. كەواتە بمانەوێت یان نا، چ ڕووخساری شانۆیی منداڵان یان گەورەكان لەوكاتەوە تۆمار كراوەو ئەو تابلۆیانە هەموویان گەواهی ئەوە دەدەن كە لە جەنگدا ئێمە ڕووخساری شانۆیی و سەیران و سەماو نواندنی میللییمان هەبووە بۆ كاتی جەنگ و ئاشتی. گەر بگەڕێمەوە سەر كورتەی شانۆی منداڵانیش، پاش درامای میللیی ئایینی مەسیحی بووە مەنزڵگەی شانۆییەكان و بەهۆی ژیانی مەسیح و قەدیسەكانەوە باوەڕی مەسیحییان بۆ خەڵكی ڕووندەكردەوە، كە لەم شێوەیەدا منداڵان بە جۆرێكی ڕاستگۆیانە لەو تەراتیلانەدا بەشدارییان دەكرد كە وێنفرید وارد دەڵێت:- (لە جەژنەكانی وەك مەسیحی گەورەو سەری ساڵدا منداڵان بەجلو بەرگی سپی و جوانەوە لەبەر دەمی مەوكیبی كەنیسەوە سروودەكانیان دەچڕی و مۆم و مەشخەڵەكانیان هەڵدەگرت، منداڵەكان دەوری ژیانی منداڵی قەدیسەكان و شێوەی لەدایكبوونیان بەنواندن دەگێڕایەوە، كیژە بچكۆلەكانیش دەوری منداڵیی ڕاهیباتەكانیان لەگەڵ دەوری فریشتەو پەریەكانی ئەو دنیادا دەبینی)[٦]، بەڵام بۆ یەكەمجار لە مێژووی شانۆی منداڵانداو لە ئینگلتەرادا لە ساڵی ١٥٣٧ تاكو ١٥٥٣ تیپێكی نواندن لە بیلاتی پاشایەتیدا دامەزرێنرا، ئەم سەردەمە ئێدواردی شەشەم و ئەلیزابێسی خوشكی دەگرێتەوە كە منداڵی هێنری بوون. لە ئەركایفی درامای پاشایەتیدا دەڵێت:- یەكەم جار شانۆگەری یەعقوبی نامۆیان لەلایەن منداڵانەوە بۆ جاری یەكەم پێشكەشكرد، زۆربەی ئەكتەرەكانی ئەم شانۆییە منداڵ بوون كە دەوری باڵدارو گیاندارانیان دەگێڕا، لە قوتابخانەكانی ئیتن و وێستمنستەردا منداڵان وانەی دەنگ و ڕاهینانی (ڤۆیس) یان بەمەبەستی ڕاستەقینەی فۆنەتیكی زمانی لاتینی دەخوێند، لەم سەردەمەدا سروودی منداڵانە بووە بابەتێكی خوێندنەوەی قوتابخانەكانی ئینگلتەراو كەنیسەكانی ئەو كاتە. بەم هۆیەوە شانۆیی ڕالف ویستەر دویستەر لە نووسینی نیكۆلا ئۆداڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئیتن لەلایەن تیپێكی ئارەزوو مەندانی منداڵانەوە پێشكەشكرا، بەڵام بە هاتنی شازادە ئەلێزابێس بۆ سەر كۆشكی پاشایەتی گرنگی بە شانۆو ئەدەب دراو گەلێ تیپی شانۆیی منداڵانیش وردە وردەو تاك و تەرا گەلێ شانۆیی جوانیان پێشكەشكرد، بەڵام زۆربەی ئەم بەرهەمانە لە كڵێساكان و كۆشكی دۆقەكاندا بەهۆی جەژنەكانەوە پێشكەشدەكران، دیسانەوە لە ئەركایفی درامای پاشایەتیدا هاتووە دەڵێت:- لەساڵی ١٥٦٦ دا قوتابیان شانۆییەكی كۆمیدیان بەناوی (پالیمۆن واكیت) ەوە لەبەر دەم ئەلیزابێس و لەهۆڵی كڵێساكەی مەسیح دا پێشكەشكرد، لەو یادگارییە بە جۆشانەی كەلەلایەن جیهانی منداڵانەوە بۆمان ماوەتەوە كە منداڵان لە نواندنی ئەم شانۆییەدا خۆیان دەنگی وەڕەی سەگ و دەنگی بولبولیان لاسایی دەكردەوە كە وای لە پیاوەكانی ئەلیزابێس

کرد لە هۆڵەکەدا بشڵەژێن و بگەڕێن بە دوای سەگی ڕاستیدا و ببێتە هەراو هوریا لە کڵێساکەدا، ئەلیزابێس بەمەی زانی و بۆیە گوتی:- ئاە کە ئەم کارە شتێکی جوان و نەرمو نیان بوو، خۆ خەریک بوو مندالآن لە پەنجەرەکانەوە بە ڕاستەقینە باز بدەنە خوارەوەو بە دووی سەگەکاندا ڕابکەن، کە دەبینین لەهەمانکاتدا هیچ سەگێک لە ئارادا نەبووەو بەڵکوو ناسکیی و جوانیی توانای نواندنی منداڵەکان وایکردووە لە خەڵکیی کە بە کوتوپڕی بێتە بەردەمیان و وابزانن سەگن و لە هۆڵەکەدان. هەر لەم ماوەیەشداو بۆ یەکەمجار قوتابیانی قوتابخانەی (سانت پۆڵ وڕۆیاڵ چاپڵ) بوونە مندالآنی شانۆی بڕوا پێکراوو لە نزیک قوتابخانەکەیانەوە شانۆییەکی خنجیلانەیان دروستکرد، قوتابخانەی ڕویاڵ چاپڵ خانووەیەکیان کڕی و ناویان نا شانۆی بلاک فرایەرز. کە زۆر شانۆی جوانیان پێشکەش بە پیاوانی کۆشکی پاشایە تی و خەڵکی کرد، بەم هۆیەوە گەلێک نووسەری تایبەت بە شانۆی مندالآن هاتنە کایەوەو بەرهەمی نایابیان نووسی لەوانە (جۆن لیلی و دیگەرو مارستن و جۆسۆن) کە ئەم نووسەرانە زۆربەیان قوتابیانی زانکۆکان بوون بەتایبەتی (جۆن لیلی) دەرچووی (زانکۆی فرانکفۆرت) بوو، پاشان بووە نووسەری شانۆیی، لەم کاتەدا جۆرێکیتر لەشانۆ هاتە کایەوە کە پڕی بوو لە بالیێ پانتۆمایم و پاڵەوانبازی و تەهریچ کە سەر هەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەهەم، ئەم جۆرە پێشکەش کردنەیان ناو نا پانتۆمایمی جەژنی سەری ساڵ، لەو دەقانەش (سەندرێلا و دیک ویتنگتن و مندالآنی دارستان و ڕوبنسن کرۆسۆ و جاک و داری پاقلە) و هەندێ بەرهەمی تریان پێشکەشکرد، (جۆلیان وویلی) دەرهێنەری زۆربەی ئەم تێکستانە دەڵێت:- (لەگەڵ ئەوەی بینەرانی ئەم شانۆییانە زۆربەیان گەورە بوون و مندالآن ژمارەیەکی کەمتریان پێکدەهێنا، بەلآم من گوێم پێنەئەدان، هەندەی گوێڕایەڵی سەرنج و بیری مندالآن بووم. ئەگەر بتوانم مندالآن ڕازیبکەم، ئەوساکە خۆم بەسەر کەوتوو دەزانم، چونکە مندالآن ڕەخنە گرێکی وشیارن ئەگەر دەستکاری دەقەکەو چیرۆکە خەرافییە میللییەکانیان بکەم، یەکسەر ماندەگرن و دژی ئەم دەستکاریو ڕاوێژانە دەوەستنەوەو داوای ئەو شتانە دەکەن کە لە جیهانە پاکو بێ گەردەکەیاندا هەیە. )[٤]، هەر ئەمەشە دەبێتە ئەوەی کە چارلی چاپلن ی ئەکتەری جیهانی هەروایدەکرد، دەهات فیلمەکانی لە هۆڵێکدا بۆ ژمارەیەک لە مندالآن پێشکەشدەکرد، پاشان چاودێری منداڵەکانی دەکرد. هەروەها دەڵێن کە مارک تووەین لەسەر تەختەی شانۆوە هەردەم چاودێری بینەران و کاردانەوەکانیانی کردووە. . ببورن لەلای عەرەب پێی دەڵێن:- مارک توین کە پڕۆناونسی ناوەکەی هەڵەیە خۆی ناوی مارک تووەیەنە و ناوە ئەسڵیەکەشی (ساموێڵ لۆنگهۆرن کلیمینس) بووەو دوونازناویشی هەبووە وەک (مارک تووەین وتۆماس جێفرسن سنۆدگڕاس) کە شتی بەوناوانەوە دەنووسی. . . پاشان دێینە سەر یەکێ لەو ئافرەتە مەزنانەی کە خزمەتێکی گەورەی شانۆی مندالآنی فەرەنسایی کردووە بە نووسین و دەرهێنان و ئاواز ژەنین (مەدام دیگنلیز)، مەدام دیگنلیز و منداڵەکانی لە سالآنی ١٧٨٤ ەوە لە باخچەیەکی ڕەنگینی نزیک شاری پاریس و لە ماڵەکەی دۆق شاتردا گەلێ بەرهەمیان پێشکەشکرد، لەسەرەتای ئەو ساڵەدا بەرامبەر پیاو ماقوولآن و خێزانەکەی دۆق شاترەوە و پیاوانی کۆشکی پاشایەتی فەرەنسەییەوە چەند شانۆییەک ئامادە دەکەن، لەملای شانۆییەکەوە مەدام دیگنلیز و چەنگەکەی دانیشتووەو لەولا شانۆکەوە کچە بچکۆلانەکەی دۆق و ئامێرە میوزیکییەکەی دانیشتوون و ئامادەن کە پەردە بکرێتەوە. باکگراوند واتە سایکەکە بریتیە لە باخچەیەکی نازدارو حەوزێکی پڕ ئاوی سازگار کە چوار دەوری بە گوڵ و گوڵزار ڕازێندراوەتەوەو مەمەڕێکی جوانیش دەوری ئەم شانۆییەی داوە، کە بۆ هاتنە ژوورەوەی ئەکتەرەکان ئامادە کراوە،

شانۆییەکەم بریتییە لە پانتۆمایمی (ئازارەکانی سایکی بەرامبەر ڤینۆسی خواوەندی جوانی)، ئازارەکانی سایک، دوو کیژەکەی مەدام دیگنلیز دەوری دایک و ڤینۆس دەگێڕن و کیژێکی ئینگلیزیش کە ئەو کاتە لەفەڕەنسا بووە ڕۆڵی (کیوبید) دەگێڕێت، پاشان شانۆیی کوڕان دێت بەناوی (ڕێبوارە گەشت کەرەکەوە) کە شانۆییەکەم هینی کچان بوو، ئەمجا نۆرەی کوڕان دێت، لەم شانۆییەدا لویس فیلیپی پادشای فەڕەنسا بە منداڵیی تەمسیل دەکات، پاشان شانۆیی سێهەم دێت بەناوی (سزای دووڕووەکەوە)، کە باسی ڕەوشتی جوان و پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەکات، هەر لەم ماوەیەدا مەدام دیگنلیز پەرتوکێکی شانۆیی بەناوی (پەروەردەی پێشکەوتوو) دەردەکات. پاشان چەند شانۆییەکیتر دەنووسێت کەلە ئەنجیلەوە دەری دەهێنێت وەک:- ڕێبواری بیابان و منداڵەتاقانەکەو جیهان و هەوڵەکانی و دوژمنە بەرێزەکان و هاوڕێی دووڕوو پیاوە وشیارەکە)، زۆربەی شانۆییەکانی لە هۆڵی بالیەی ڕۆیاڵ پێشکەشدەکات، گەر بگەڕێینەوە ئەوروپا دەبینین لە ئیتاڵیادا شانۆییەک هەبووە بەناوی بووکەشووشەی (پێوو پێتری) لەم شانۆییەدا گەورەو منداڵان پێکەوە نواندیان دەکرد، لە ئیتاڵیادا ئەوەی گرنگ بێت سەر هەڵدانی دوو کاراکتەری گرنگ بوون بەناوی (بانش و جودی) وە. کە زۆر بەرهەمی کۆمیدی بە جۆشیان بۆ منداڵ و گەورە پێکەوە پێشکەشکردووە. ئەم بانش و جودیە تا ئێستاش لە ئیتاڵیاو ئەڵەمانیادا بونەتە ڕەمزێکی گەورەو ماون، لە جەژنەکاندا لاسایی نواندنەکانیان لە لادێکاندا دەکەنەوە. لەسەدەکانی ناوەڕاست و لە وڵاتی ئەڵەمانیادا، چەند جۆرێک لە شانۆیی سەریان هەڵداوە وەک:- شانۆی ڤارس و درامای میللیی کە لە جەژنە ئایینییەکانیاندا پێشکەشدەکرا، لە شاری نۆرنبێرگدا (هانز ساش) ناوێک، لە ساڵی ١٤٩٤تا ١٥٧٦ نزیکەی دووسەد شانۆیی منداڵانەی نووسیوەو زۆربەشیانی بەدەستی خۆی دەرهێناوە، لە سەدەی شانزەهەمیشدا کاراکتەرێکی پاڵەوانباز بەناوی (هانز جۆرج) هاتۆتە کایەوە کە یەکەمجار بووە منداڵان شانۆییەکی وا بەشێوەی کۆمێدی لایان خۆش بێت. ئەوەی شایانی باسە دەربارەی شانۆیی منداڵانی ئەڵەمانیا فێستیڤاڵێک هەبوو کە تائێستا یادی دەکەنەوە، بەناوی ڕێزلێگرتنی منداڵانی (دینگ سپۆڵ) کەلە ناوچەی باڤاریای ئەڵەمانیادا دەگێڕدرێت. چیرۆکێکی تراژیدیای خەم ڕەوێنە کە فرمێسک لە چاوی هەموو کەسێکدا قەتیس دەبێت بە بینینی، چیرۆکەکە دەڵێت:- ڕژێمی سەربازی سویدی ئەو کاتە هێرش دەباتە سەر شاری دینگ سپۆڵ، ئابلۆقەی شارەکە بە جۆرێک دەدات کە خەڵکی هیچ هیوایەکی ڕزگار بوونیان نامێنێت، ئەنجومەنی شار کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری شەڕکردن یا خۆبەدەستەوەدان بۆ ژەنەڕاڵی سوپای سویدی بدەن، هەر لەم کاتەدا نێرراوێکی سوپاکە بۆ شارەکە دێت و هەواڵی مردنی کوڕە تاقانەکەی ژەنەڕاڵی سویدی دەهێنێت، دەڵێت:- ژەنەڕاڵ زۆر دڵتەنگەو مۆڵەتتان دەدات تاکو چەند ڕۆژێک بیر بکەنەوە، پاشان بە توپ شارەکە وێران دەکەین، لێرەدا کیژە بچکۆلانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی شار، کۆمەڵی کوڕو کچی ڕۆح سووکی شار کۆدەکاتەوەو مۆڵەت لە ئەنجومەن وەردەگرێت کە ڕێگەی بدەن چاوی بە ژەنەڕاڵی سوپای سویدی بکەوێت کە ئابلۆقەی شاری داوە. پاش بڕیاری ئەنجومەن منداڵان بە گۆرانییەکی ماتەمەوە ڕووەو دەرەوەی شار ملدەنێن و لە ژەنەڕاڵ دەپاڕێنەوە کە شارەکەیان بۆردومان نەکاو واز لە منداڵانی سوورو سپی شارەکە بهێنێت، ژەنەڕاڵیش لە نێوانی سوتاندنی سۆزی جگەریی و بینینی ئەم دیمەنە تراژیدییەدا هەر ئەو شەوە بڕیار دەدات کە سوپای سویدی شارەکەی ئەڵەمانیا جێبهێڵێت و ئازادیی و سەربەستییان بداتێ، تا ئێستا لەم ڕۆژەدا منداڵانی ئەڵەمانیا کۆدەبنەوەو جلو بەرگی جوان دەپۆشن و دایکو باوکیش دیاری ڕەنگین بەسەر منداڵاندا

دەبەخشنەوەو لەم کاتانەدا بە هۆی تیپێکی موزیکەوە شانۆیی لە کۆشکی ئەنجومەنی شارەوە دەست پێدەکات لە کڵێساکەی شاردا دیمەنی کۆتایی تەواو دەبێت، پاشان دێینە سەر وڵاتەکەی (هانز کریستیان ئەندرسن) ی دانیمارکی، لە ڕۆژانی جەژنی سەری ساڵ و جەژنە میللییەکاندا شانۆگەری منداڵانە پێشکەشدەکرا هەر لە زووەوەو لە شاری کۆبنهاگندا شانۆییەکی تایبەت بە منداڵان دروستکراوەو زۆربەی ئەکتەرەکانی ئەندامانی کۆشکی پاشایەتیی و مامۆستایان و باوکان و ئەندامانی نیقابەکان ئیشیان تیدا کردووە، پاشان وڵاتی ڕوسیای قەیسەری ئەو کاتە خزمەتێکی مەزنی منداڵانیان کردووە، هەر لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە لەو وڵاتەدا دەستکراوە بە پێشکەش کردنی شانۆی بووکە شووشەو منداڵان تێکرا، لە ساڵی ١٩١٨ ی سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی زۆر تایبەت بە شانۆی منداڵان هەبووە لەگەڵ شانۆی منداڵانی مۆسکۆدا کە بۆتە پەیمانگەیەکی گەورەی شانۆی منداڵان، هەر لەسەدەی نۆزدەهەمەوە بە هۆی سەرپەرشتی کردنی باوکان و مامۆستایان و کارمەندان و ئەدیبان بۆ شانۆی منداڵان کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و دەروون شناسی منداڵان بەشداریان کردووە لە نووسین و دانانی شانۆیی منداڵان بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەرز لە وڵاتی سۆڤێتدا، یەکەم وڵاتێک کەلەسەر تەمەنی منداڵ و پەیوەندی زمان و جۆری دیالۆژو بیری دەقەکان کە شانۆییان پێشکەشکردووە تا تەمەنی ١٨ ساڵیی بۆ منداڵان، ڕووسیای ئەو کاتە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ بە ئارەزووی خۆیی و لە هەر وەرزێکدا بوویێت بۆی هەبووە شانۆیی هەڵبژێرێت و دەرگای شانۆکان لەسەر پشتبووە بۆ بینینیان، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا سەرەتای شانۆی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و لەساڵی ١٩٠٣ شانۆ گەشەی کرد بە کردنەوەی یەکەم شانۆی منداڵان بەناوی (شانۆی فێرکردن)ەوە، کە (ئیما شریدان فرای) بەڕێوەبەرایەتی ئەم شانۆیەی دەگرتە ئەستۆ، لەو بەرهەمانەی کە بۆ منداڵانی ئەمەریکا پێشکەش کران شانۆیی (گەرداوو و لۆردی بچکۆلەو شازادەو هەژارو کیژە شازادەی بچکۆلە) و گەلێ بەرهەمیتر پێشکەشکراو، ئەم لۆردە کراوەتە فیلمێکی گەورە، ئەوەی شایانی باسە ئەو دەزگایەی کە هەبووە تەنها شەش ساڵی خایاند، شانۆیەکیتر بە ناوی (هیڵ هاووس) لە شیکاغۆو شانۆی (کریستاواو نییۆر هید) لە نیویۆرک کرانەوە کە مۆرکێکی دامەزراوی کۆمەڵایەتییان بە خۆوە گرتبوو، گەلێ بەرهەمی میللییان بە هاریکاری شانۆی پەیوەندی دراما پێشکەشکرد، لە زۆربەی شارەکانی تریشدا ئەم پەیوەندییە لقی تری کردەوەو زۆر شانۆیی گەورەیان پیشکەشکرد، لە ساڵی ١٩٢١ دا شانۆیی (ئەلیس لە وڵاتی سەرسامی و سەندرێلاو عەلائەدین و چرای سیحری و عەلائەدین و چل دزیان) پیشکەشکرد. ئەم دەزگایە ١٤٨ لقی تری لە سەرانسەری ئەمەریکادا کردەوە و کە ئێزگەو تەلەفزیۆن و سینەماشی گرتە خۆ. ئێستا لە زانکۆو ئەکادیمیەکانی ژاپۆن و سۆڤێت و کەنەداو ئەمەریکا وبەریتانیاو دانیمارک و چین و هۆڵەندا شانۆی منداڵان بە شێوەیەکی زانستی دەخوێنرێت و لێدەکۆڵرێتەوە، لە کوردستانیش ئاو بێنەو دەست بشۆ.

**دووەم:- شانۆی تایبەت بە منداڵان بۆ؟**

مارک توەین لەم بارەیەوە دەڵێت:- شانۆی منداڵان بە مەزنترین بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، چونکە مامۆستایەکی گەورەی ڕەوشتبەرزی ڕۆشنبیریی و فەلسەفییە بۆ ژیانی منداڵان)[٥]، ئەگەر بمانەوێت شانۆی پاشەڕۆژی پیاوانمان لەڕووی ڕۆشنبیری و شانۆییەوە بلیمەت بن و بەو شێوەیەی کە بە چەپڵە ڕێزان پێشوازی لە هەموو بەرهەمێک نەکەن، دەبێ لە منداڵانەوە دەستپێبکەین، (چونکە دوا کەوتنی شانۆ لای زۆربەی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و' بەتایبەت لای کوردو عەرەب' دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی

پیاوانی ئەمڕۆمان لە منداڵییاندا شانۆییەکی تایبەتیان نەبووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تائێستاش لە زۆربەی باخچەی ساوایانی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکانیشدا وانەیەکی شانۆیی نییە بەمانای هونەر، جگە لەوانەی ڕەسم کێشان کە ئەمە کارێکی گەورەی بەسەر ئامادەکردنی بینەری پاشەڕۆژی شانۆییمانەوە هەیە، هەر بۆ ئەمەش کەتا ئێستاش زۆربەی ئەو کەسانەی کەلە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان دەردەچن ئەیان کەن بە مامۆستای دین و کۆمەڵایەتی و ڕەسم (ئەم وتەیە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٨٣، کاتی پێشکەشکردنی لێکچەرەکەم)، بێگومان لەم ڕوانگەیەشەوە دەبێ لە شانۆی منداڵاندا هەموو جۆرە بیرو باوەڕێک پێشکەشنەکرێت، لەو بابەتانەی کە مۆرکێکی پڕوپاگەندەیی و ڕامیارییانە بە خۆوە دەگرن، بەڵکو دەبێت ئەو بیرو باوەڕو سەرنجانە بخەینە بەردەمی منداڵ کە پەیوەندی بە ئاشتی خوازیی و مرۆڤایەتیی و دژ بەوێرانکاریی و ڕەگەزپەرستیی دەوەستێت، دەبێت منداڵان فێری خۆشەویستی کارکردن و یەکیەتی بکەین لە پێناوی پاشە ڕۆژی ڕووناکی مرۆڤایەتییدا، بەم پێیەش بینەری منداڵ لە شانۆکەیاندا بە پلەی یەکەم دێن.

دەبێ دەرهێنەرو نووسەروئەکتەران و هەموو بەشداران ئاگاداری بینەری بچکۆلە بن و بینەری کە لەگەڵیدا دەدوێن، چونکە باسەکانی شانۆییەکەو چارەسەر و ئەنجام و ئاواتی بیرەکە لەسەر پێودانگێکی قووڵ و بەرز دەبێ دابنرێت، دەبێت بینەری منداڵ وا لێبکەین لە دەرهێنان و پێشکەشکردنی شانۆکاندا کە سەر بە بیردۆزە دەرهێنەرەیەکان و زمان و دیالۆژو تەمەنی ڕۆشنبیری پەیوەنداری کۆمەڵایەتیان کارەکەیان بخەینە بەردەمیان، چونکە لەم بارەیاندا سەرکەوتنێکی بەرز و ئەکادیمیانە بەدەست دەخرێت، ئەگەر بتوانین بە وریایی توێژینەوەی منداڵی ئەو کۆمەڵگەیە بکەین کە ئیشی بۆ دەکەین.

**سێهەم:- نووسەرو دەقی شانۆی منداڵان**

نووسەری شانۆی منداڵ دەبێ زۆر بەوردی ئاگاداری باری ڕۆشنبیری وزانستی دەروون و پەروەردەو ئاگاداری باری کۆمەڵایەتی میللەتەکەی بێت و بە پێی زمان و تەمەنەکان و گەشەی زانیاری لەلای منداڵ بنووسێت. ئەگەر بێینە سەر نووسین بە گوێرەی تەمەنەکانی شانۆ دەکرێتە چوار بەش:-

پلەی سەرەتایی منداڵ: لەدایکبوونەوە تا تەمەنی شەش ساڵان دەگرێتە خۆ.

پلەی ناوەندی منداڵ: لە ٦ ساڵییەوە دەستپێدەکات و لە تەمەنی ٨ ساڵی کۆتایی دێت.

دوا پلەی منداڵی: لە نێوان ٨ ساڵی تا ١٢ ساڵی دەگرێتە خۆ.

سەردەمی هەرزە کاریی: کە لە ١٢ ساڵییەوە دەستپێدەکات و لە ١٨ ساڵیەوە کۆتایی دێت.

پلەی یەکەم ناو دەبرێت بە (ڕیالیستی و خەیاڵی تایبەت) کە منداڵ تێدا ئاشنای دەوروبەرە بچکۆلانەکەی بە هۆی هەستەوە دەبێت و شارەزای یاریەکانی و ئەندامانی خێزانی و بووکە شووشەو شتە ڕەنگینەکانی بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە دەبێت. لەم پلەیەدا ژیان بەبەری بووکەشووشەو یاریەکانیدا دەکات و بەرپرسیاریان دەکات بەرامبەر بە خۆی، بینەری ئەم شانۆییە تایبەتە بە شانۆچکەی باخچەی ساوایانی منداڵ، زۆربەی توێژەرەوە شانۆییەکان لەم ڕووەوە دوو ڕایان هەیە، بەرەی یەکەمیان دەڵێن:- منداڵانی بەر لە ٥ ساڵان پێویستییان بە شانۆ نییە و منداڵ زیاتر حەز بە یاریەکانی دەکات و بە خەیاڵ ئیلهامی لێوەردەگرێت، بەرەی دووەم دەڵێن:- منداڵان لە تەمەنی ٣ ساڵانەوە تا ٥ ساڵان حەز بە شانۆ دەکەن، ئەو بابەتانەیان بە دڵە کە گیانداران و باڵندەکان دەوریان تیا هەیەو دەنگی بولبول و باڵداران و کەروێشک و سەگ و پشیلەی تێدا بەدی دەکرێت و باسەکانی لە خەرافیات و خەیاڵەوە وەرگیرابێت و کاتەکەشی زۆر کورت بێت بۆ پێشکەشکردن. واتە: یەک بەشیی بن، لەم پلەیەدا لە زۆر گەلدا یاری بە مانای نواندن هاتووە، چونکە منداڵ لەم پلەیەدا زیاتر لە یاریکردنەوە نزیکەو حەز لەو یاریانە دەکات کە نزیکە لە خەیاڵی خۆیەوە،

هەروەک مەکسیم گورکی دەڵێت:- منداڵ بە کۆی یاریکردنەوە لە دنیا دەگات و پاشان خۆی هەوڵی گۆڕانیشی دەدات، ڕاستی ئەمڕۆکە ئەو فیلم وداستانە درێژانەی کە دیزنی لە هۆلیوود دەیانخاتە بازاڕەوە هەموو ئەم تیۆرانەی قڵپ کردۆتەوە کە منداڵێکی ٥ ساڵان بەدیاریانەوە دادەنیشێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی کە هەندێکجار خۆی دەدات لە دوو کاتژمێر ئەویش بەهۆی ڕەنگینی ئیفکتی ئەنەمەیشن و 3D ی و کاریگەرە تایبەتیەکانەوەیە لە زۆر تاقیکردنەوەدا لەگەڵ منداڵانی ٤ -٦ ساڵیدا تەماشای ئەو فیلمانەم کردووە کەچی من بێزار بووم و ڕۆیشتووم ئەوان دووسێ جار فیلمەکەیان لێداوەتەوەو زۆر دیالۆژ یشیان لەبەر کردووە ڕۆژانە دەیانگوتەوە. دەبێت ئیستەیەک لەمەڕ ئەم ڕەواڵەتەدا بکەین!!

پاشان پلەی دووەم دێت لە ٦ ساڵان تا ٨ ساڵیی دەخایەنێت و تایبەت بە نووسینی شانۆ ناو دەبرێت بە (سەربەستی خەیاڵ)، منداڵ ئەو شتانە دەبینێت کە لە دەوروبەرە بچکۆلانەکەی خۆی گەورەترە و ئەو شتانە سەرنجی ڕادەکێشن کە باسی جوانیی و پاکیی و بێ گەردیی دەکەن لە ڕەوشت و ئەو شتانەش کە لە خەرافیات و پاڵەوانێتی گیاندارانەوە وەرگیرابێت، بابەتی گیاندارانی دارستان چاکترین بەرهەمی ئەم پلەیەن لە ژیانی منداڵاندا، بەڵام لە پلەی سێهەمدا ٨ تا ١٢ کە زۆر کەس بە (سەردەمی پاڵەوانێتی و ئەدڤێنچەری) ناو دەبەن، منداڵان حەز لەو شانۆییانە دەکەن کە لە سروشتەوە نزیکبن، ئەو بابەتانەی کە هەستیان بجوڵێنێ و باسەکانی دەربارەی گەشت وگوزار و ئازایەتی و بەجەرگی وچاونەترس لە بابەتەکانی بسوڕێتەوە، باسی دۆزینەوەی شتە نادیارەکانی جیهان بکات لە دونیای ژێر زەمین و ئەستێرەکانی تری گەردوون، زۆربەی ئەو مەسەلانەی کە منداڵ لەم تەمەنەدا بە دڵیان نەبێت نەهییان لێدەکات و باشەکانی وەردەگرێت و زۆر ئازایانە وەک ڕەخنەگرێکی وشیار دژی شتە نائاشناکان دەوەستێتەوە، کیژەکان لەم تەمەنەدا حەز بەو باسانە دەکەن کە باسی ژیانی خێزان و ئیشی ناو ماڵ دەکەن ئەو شتانەی کە سۆز و هەستی دەروونیان دەخاتە کوڵ و جۆش، زۆر حەز بەوە دەکەن کە بە کاراکتەری دەبەنگ و گێل و ترسنۆک پێبکەنن، حەز بەو شتانە دەکەن کە خەیاڵ و ڕاستی تێدا تێکەڵ بە یەک دەبن و دیمەنەکانی جۆراو جۆر بن واتە: گۆڕان لە دیکۆرو جلوبەرگ و هەموو بنەماکانی پێشکەشکردندا هەبێت و دوور بێ لە بێزار کردنەوە، پڕ بن لە شتی ڕەنگاو ڕەنگی جوان، لەکۆتاییشدا پاڵەوانەکە بەسەر پیاو خراپەکاندا زاڵ ببێت و سزای پیاو خراپەکەی تێدا بدرێت. یانی کاراکتەرەکە چەندێ دەبەنگ یا فێڵ باز و قۆشمە بێت، منداڵ دەخاتە پێکەنین لە کۆتاییدا نووسەر دەبێ سزای بدات، هەروەک لە تاقیکردنەوەیەکی هونەرمەند (ئیسماعیل هەورامی) بە زمانی عەرەبی شانۆیی (غابە الیتۆبیا -طلال حسن) ی پێشکەشکرد ڕۆڵی ڕێوییەکی فێڵبازی تێدایە، ئەکتەرەکە ئەمەندە سەرکەوتوو جوان نواندنی دەکرد کە هەتا لەسەر شەقامەکانی کەرکوک دەسوڕایەوە منداڵان خۆشیان دەویست و هاواریان بۆ دەکرد، دەرهێنەر لە زۆربەی منداڵانی دەپرسی کێتان بە دڵە لە شانۆییەکەدا؟ هەر هەموویان دەیانگوت: ڕێویەکە!! ئەمە زیان دەگەیەنێت کە ئەو کاراکتەرە وا لێبکەیت خۆشی بکەیت لەبەر چاوی منداڵان، لەدوا پلەی تەمەنی منداڵاندا واتە ١٢ تا ١٨، ڕووبەڕووی ناوێکیتر دەبینەوە ئەویش (سەردەمی ڕۆمانسیەتە)، لەم پلەیەدا منداڵان حەز بەو باسانە دەکەن کە پڕێتی لە ئەدڤێنچەر کە تێکەڵ بە سۆز دەبن و منداڵ حەز بەو کەسەدەکات کە لە خۆی گەورەترە. وەک چۆن باوکێک دەبێتە نمونەی بەرزی منداڵەکەی، لەم کاتەدا غەریزەی سێکسی سەر هەڵدەدات و لەوانەیە منداڵ پەنا بەرێتە بەر خەووخەیاڵ، منداڵان حەز بەو چیرۆکە ئەدڤێنچەرانە دەکەن کە هیواو ئاواتە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ببینرێتەوە، حەز بە نمونەی پاک و بێگەرد دەکەن کە کاراکتەران تێدا باوەڕی بەتینی نموونەییان هەڵدەگرن دەربارەی ژیان، دەبێت کۆتایی شانۆییەکان دوور بن لە

تەمومژ، بەڕوونیی کۆتاییەکەی بخرێتە بەر دەمی منداڵ، نابێ بێتە دەرێ بڵێ ئەوە تێنەگەیشتم، ئەو چارەسەر کردنە بۆ وانە بوو؟! نووسەری دەقەکان لە زۆربەی وڵاتاندا پەیڕەوی ئەم جۆرە دەکەن لە دابەشکردن کە لە هەمانکاتدا لەسەر شێوەی زمان و دیالۆژو جۆرەکانی کاراکتەرەکان و گرێ و ڕاکێشان و سەرنجی منداڵان دەنووسن و لە کاراکتەرەکانیشدا کە منداڵان زۆر حەزی پێدەکەن لەنووسینەکاندا هەبن وەک:- جان دارک، سەندریلا، سەندباد، گالیلۆ، شازادەی منداڵ، شیرین و فەرهاد، ڕەجەبە گێل پادشایەکی دەبەنگ وەک چۆن لە بەرگە ئەفسوناوییەکەی هانز کریستیان ئەندرسن دا هەیە.

**چوارهەم:- ئەکتەر لە شانۆی منداڵاندا**

ستانسلافسکی دەڵێت:- (نواندن لەبەر دەم گەورەو منداڵاندا چوونییەکەو دەبێ بەشێوەیەکی پوختو جوان و ڕێکو پێک پێشکەشبکرێت)، چونکە نواندن لە شانۆی منداڵاندا کارێکی وائاسان و سووک نییە، نواندن خۆی لە خۆیدا کارێکی گران و ئەکادیمیە، چونکە ئەکتەر دەبێ شتێ دەربارەی زانستەکانیتر بزانێ و هەموو شتێکیش لە نواندن لە پیشەکەی خۆی بزانێت، چ جای ئەوە کە لە شانۆی منداڵاندا نواندن بکات، (ناتالیا ساتز) دەرهێنەری شانۆی مۆسکۆی منداڵان لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت:- (ئەی ئەکتەر، پیشەکەت لە شانۆی منداڵاندا ڕەنگ وبۆیەکی نوێیە لە هونەر کە خاوەنی بنەماو ڕەگەزی تایبەتە لە جیهانێکی پاکو بێگەرد، لەبەر ئەوە لە نواندندا دەبێت هونەرێکی گەورە بە منداڵان ببەخشیت، بەڵکو ئەوانەی کە لە هونەری شانۆی منداڵاندا مامۆستاو پسپۆڕ نەبن، ناتوانن لەم کێڵگەیەدا و لەسەر بنچینەیەکی پتەو کار بکەن، هەر بۆیەشە بڕوای شانۆکەی ئێمە پتەوو بە پیتە، چونکە لەسەر ئەم ڕێبازە بنیاتمان ناوە)[٦]. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرو ڕایانەداو لەبەر گرنگی ناسکی نواندن لە شانۆی منداڵاندا ئەکتەر دەکرێتە چوار بەشەوە:-

١- ئەو شانۆییانەی کە تەنها منداڵ نواندنی تێدا دەکات.

٢- ئەو شانۆییانەی کە منداڵ و گەورە پێکەوە بەشداری نواندن دەکەن.

٣- ئەو شانۆییانەی کە تەنها گەورە نواندنی تێدا دەکات.

٤- ئەو شانۆییانەی کە تەنها بووکەشووشەکان نواندنی تێدا دەکەن، لە جۆری بووکەشووشەی دەزوولەکان و دەستکێش و داردەست.

کە ئێمە لە ئەکتەرو شانۆی منداڵ دەدوێین، مەبەستمان ئەو شانۆییانە نییە کە سیماو بۆنێکی کۆمێدیی و گاڵتەجاڕییان بە خۆوە گرتووە، کە زۆربەی ئەکتەرەکانی دەبنە قەشمەرچی بەردەمی بینەران، بەڵکو باسی ئەو شانۆییانە دەکەین کە بارێکی ڕەسەن و پتەو لە درامای مرۆڤایەتی لە بابەت و بیرەوە بە خۆوە دەگرن، تەنها لە چەند بارێکی تەڕو پردا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت پێکەنین دێتە جیهانی منداڵانەوە، جا ئەگەر بەڕاستی لەم جۆرەدا بێینە سەر ئەکتەر لە شانۆی باوەڕ پێکراوی منداڵاندا کە هەموو منداڵێک بتوانێت بێت بۆ تەماشاکردنی (پرۆفێشناڵ)، مەبەستمان ئەو شانۆییانەیە کە هەموو منداڵانی چینەکانی کۆمەڵ و گەڕەکەکانی شارەکان و قوتابخانەکان دێنە تەماشای، لەم کاتانەشدا زۆربەی ئەو دابەشکردنانە ئەوەیە کە منداڵ و گەورە پێکەوە نواندنی تێدا بکەن، دووەم گەورە بە تەنها نواندنی تێدا بکات، ئەم دووڕێگەیە هەیە ئەو شانۆییانەی کە بە تەنها منداڵ نواندنی تێدا دەکەن زیاتر لە باخچەی ساوایاندا دێتە ڕێگەمان، ئەمجۆرە نواندنە، بۆ دەرخستنی تواناو بەهرەی منداڵان و باری فێرکردن و شارەزا بوونی دەورو بەری منداڵان دەگرێتەخۆ، د. عونی کرومی ئەم پلەیەی منداڵان، واتە ئەوانە ی کە لە باخچەی ساوایان دەیکەن دەباتەوە سەر ئەوەی:- کە نواندن مانای یاری کردنەو سوودەکەشی دەکاتە چەند بەشێک: یەکەم دەڵێت:- نواندن لەم پلەیەدا بە مانای یاریکردنەو منداڵ یاری لەگەڵ کەلو پەلو

بووکەشووشەکانیدا دەکات. دووەم:- نواندن بە مانای موحاکاتی دەوروبەری منداڵ دێت، سێهەم:- بەشێوەیەکی گشتی چەند سوودێکی هەیە کە:-

ا- ڕێگە بەمنداڵان دەدات کە تاکوو بواریَ لەم پلەیەی تەمەنیدا بدۆزێتەوەو بە هۆیەوە خودی خۆی بناسینێت بەدەوروبەرەکەی، ب- نواندن بۆ چالاکردن و فراوانی خەیاڵی منداڵان سوودی هەیە لەم تەمەنەدا، سۆزێکی تایبەتی لا دروستدەکات بە زاڵبوونی بەسەر هەڵچوونەکانی ڕۆژانەیدا وفێری یارمەتی و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک دەبیَ و شارەزای دەورو بەرەکەی دەبێت، بەڵام ئەو جۆرە شانۆییانەی کە تەنها بووکەشووشە نواندنی تێدا دەکەن، ئێمە لە شانۆی کوردیدا لەم جۆرەمان نەبووە تا ١٩٨٣ لەبەر دەستکورتی کادێری هونەریی و یارمەتی نەدانی دەوڵەت، لەبەر ئەوە لەم جۆرەیان نادوێم و دێمە سەر بەشەکەی تریان.

**پرسیار: ئایا منداڵ و گەورە پێکەوە نواندن بکەن چاکترە یان گەورە بەتەنها نواندن بۆ منداڵان بکات و بۆچی؟**

لەم ڕوانگەیەوە هەر کۆمەڵەو بە پێی تاقیکردنەوەکانی خۆیان، وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە، بۆ نمونە تیپە گەورەکانی سەر بە دەزگا میریەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا هەموو کات ئەکتەری گەورەیان بەکار دەهێنا تا ساڵانی هەشتاکانیش، چونکە ئەوان دەیانڕوانییە توانای هونەریی ئەکتەر لە نواندندا، لەم بارەدا مەرجە ئەکتەرەکان گەورە بن. " ئێستا چەند منداڵێکی بەهرەمەند دروستبوون کە شانبەشانی گەورەکان نواندن دەکەن لە هەردووبەری ئۆقیانووسدا"، باوەڕیان وابوو کە گەورەیەک دەتوانیَ دیڕاسەی کاراکتەرەکان بە وردی بکات دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین لەم بارەیاندا جیمس باری دەرهێنەر وتویەتی:- (هەموو ئەکتەرێک دەبیَ لە تیشکۆی چاوی منداڵانەوە بڕوانێتە ژیان کە کاتیَ نواندن دەکات بۆ منداڵان، کاتیَ ئەکتەرە کە هەستیکرد دەبێتە قەشمەرچی، ئەو کاتە واز لە نواندن بهێنێت چاکترە، چونکە بە پیترین شت لە نواندندا ساکاریی و نەرمییە بەوەی کە زۆرترین بەرهەمی هەبێت بۆ پێگەیاندنی بیری سەرەکی بۆ منداڵان)[٧]، چونکە زۆربەی تاقیکردنەوەکان دەر بارەی ئەکتەری گەورە سەلماندویانە کە نواندن لە شانۆی منداڵاندا دەبێت زۆر ساکاروئازایانە بێت وپاکیی تێدا بە دیبکرێت، لە تەمو مژ بە دوور بێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆربەی ئەکتەرە بەتواناکانی شانۆی گەورەکان و ئەکادیمییەکان حەز دەکەن لەم جۆرە شانۆیانانەدا نواندن بکەن، ئێمە لە شانۆی منداڵاندا ئەکتەرێکمان دەوێت کە ڕێزی بیرو باوەڕی منداڵەکان بگرێت، ئەگەر ڕۆڵێکی نامۆ و دانسقەی پێدرا لە پیاو خراپ دەبیَ زۆر بە ڕاستگۆیی وسروشتی کاراکتەرەکەی بخاتە بەردەم منداڵان، هەروەک چۆن لە ژیاندا نابیَ درۆ لەگەڵ منداڵاندا بکەیت، بەڵام لە هەندێکاتدا گەورەکانیش دەستەو وەستان دەبن لەگەیاندنی ڕۆڵی منداڵ و گیاندارراندا، هەروەک چۆن منداڵان ناتوانن بە ڕاستگۆیی و چاکیی نواندنی کاراکتەری گەورەکان بکەن، منداڵێکیش لە باخچەی ساوایان ناتوانێت ڕۆڵی پارێزەرێک یا دادوەرێک یا پینەچییەک یا جوتیارێک ببینیَ، لەم کاتەنەدا منداڵ بارێکی لاسایی کردنەوە وەردەگرێت و کۆپی دەرهێنەرەکە دەکات و هیچیتر، " حەز دەکەم لێرەدا تۆزێک ڕابوەستم لە مانگی ٢٠٠٩/١١ دا، لە قوتابخانەیەکی کوردی لە دۆرسێت – بۆرنمۆت لە باشووری بەریتانیا، وۆرک شۆپێکمان کرد لەگەڵ هونەرمەند پێشڕەو عەباس گورجی، بۆ منداڵانی (قوتابخانەی کوردی لە دۆرسێت) کە زۆربەی زۆریان منداڵانی شاری هەولێری مەزن بوون.. داوامان کرد لە منداڵەکان کە ببن بە ٣ گروپەوەو هەریەکەی شانۆییەکی ئیرتیجالی پێشکەشبکەن، ڕاستی هەر هەموویان ڕۆڵەکانیان بریتی بوو لە گەورەکان، وەک:- دکتۆر و ڕاوچی و ژن و مامۆستاو قوتابی و بەڕێوەبەرو..هتد، تووشی سەرسوڕمانێکی سەیر بووین کە ئەو شانۆییانە سەر بەقوڕی دەهێنایە پێکەنین، شایانی باسە کە ئەمە یەکەم ڕۆژی پرۆڤەی فێرکردنی نواندن بوو

لەگەڵیاندا، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک منداڵی بەریتانی لە قوتابخانەیەکی ڕۆژئاوای لەندەنەوە کە ٣ ساڵە پرۆڤە دەکەن کە نواندنی گەورەکان دەکەن بەتەنها سەرکەوتنێکی زۆر مەزنی بەدەستهێنا لە تەلەفزیۆن بەناوی (School of Comedy – قوتابخانەی کۆمێدی) "، بۆیە بوونی ئێمە وەک گەورەیەک لەگەڵیاندا کارێکی چاکبوو، بەڵام بە بیرو ڕای من چاکترینیان ئەوەیە کە منداڵ و گەورە پێکەوە نواندن بکەن تا کارێکی چاک و بە پیت لەم بارەیەوە بهێننە دی، کە ڕێگە بۆ ژمارەیەکی زۆری منداڵانیش خۆشدەکات کە تێکەڵی پیاوان و ژنان و کیژان بن (هەروەکوو لەساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٥) لە هەر سێ تاقیکردنەوەکەمدا (شانۆیی منداڵە بچکۆلانەکەو گەشتی چارەنووس و بەلەمی ئەفسوناوی و پێڵاوی سوور)دا، سەلماندم کە ئەم تیۆریە ڕاسترینیانە بۆ شانۆی منداڵانی کورد، منداڵان شت لە گەورەکانەوە فێر دەبوون، بۆ نمونە منداڵێکم لابوو کە ناوی (فەلاح عیزەدین) بوو، لە قوتابخانەی عەرەبی دەیخوێند، تەنانەت کورد یشی نەدەزانی زۆر شەرمن بوو، لە ژیانیدا نەیتوانیبوو دەسکێ کەوەر بۆ دایکی بکرێت و بچێتە بازاڕ دایکی بەڕێزی پاکیزخان پێی وتم:- کە شەر منییەکەی لەوانەیە زیانی گەورە بدات لە پاشەڕۆژی. . لە شانۆیی بەلەمی ئەفسوناویدا ڕۆڵی مێرووڵەیەکی بینی، هاوینی ١٩٨٤ چاوی کرایەوە بە هۆی منداڵەکانی ترو ئەکتەرەکانی پەیمانگە و گەورەکانەوە، هاوینی دوایی فێری کوردی خوێندنەوەش بوو ڕۆڵی سەرەکی هۆمەری بینی لە شانۆیی پێڵاوی سوودا بەرامبەر خاتوو گەزیزە عومەر نواندێکی زۆر سەرکەوتووی کرد کە دادە گەزیزە یارمەتی دەدا و پاشانیش چووە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، پاش ئەوەی کە من چوومە شاخ و پاشان بیستم بەسەر کەوتویی ٥ ساڵی پەیمانگەی تەواو کردو لە دەیەها شانۆییدا بەشداری کرد) هەر لەم کاتەشدا لە ١٠ منداڵ بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ قوتابییەکانی پەیمانگەو ئەکادیمیادا ٦ کەسیان پەیمانگەی هونەرە جوانەکانیان تەواو کردو لەوانەش باکۆ ئەحمەدو جەلالی برای کە تائێستاش لە هۆڵەندا نواندن دەکەن لە گەڵ ئەورووپییەکاندا و هاوڕێ مستەفا کە دەرهێنەرێکی کوردە کە درامای "گەران بەدوای سێبەرەکانی" نووسی لەگەڵ پشتیوان خاوێ و دەریشی هێنا، پشتیوانیش لەگەڵ خاڵی دا دەهات و سەری لێدەداین و بەشداری دەکرد، کە خاڵی ئەکتەر بوو لە ناوماند. و هەوار موستەفاو پاشانیش کاکە ڕێناسیش کە چاکترین وێنەکێشی کاریکاتۆری کوردی لێدەرچووە لە ئەورووپاو..هتد جا کێ دەتوانێ بڵێ کە ئەم جۆرە سەرکەوتوو نییە، ئەوە بەڵگەی مادیی لەبەر دەستماندایە پاش ئەو هەموو ساڵانە، گەر نەچووما یەتە دەرەوەو ئەو کارانە بریتی بوونایە لە ١٠ تا ١٦ شانۆیی، ئەبوایە چەند ئەکتەرو نووسەرو دەرهێنەریتری بهێنایەتە بەرهەم؟!!، دەگەڕێمەوە بۆ هاوبەشیکردنی گەورەو منداڵ کاتێ پێکەوە کاریان پێدەکەیت، لەم بارەیاندا کاری دەرهێنەر گران دەبێت، چونکە دەبێت دوو شێوەیەی شیتەڵکردن بۆ ئەکتەرەکانی پیشکەشبکات، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا جۆری کارکردنی منداڵ و گەورە پێکەوە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی شانۆی منداڵان و فراوانکردنی بیرو هۆشیان، سەیریش لەوەدا بوو ئەو سێ و چوار ساڵە ئەوەندەی گەورەکان و قوتابیەکانی پەیمانگە گیروگرفتیان بۆ دروستدەکردم، منداڵەکان نەیاندەکردو بەجوانی کارەکانیان ئەنجامدەدا.

**شانۆی منداڵانی کورد**

لە شانۆیی گورگی بێشەو هەردا لەسەر زمانی کۆرس دەفەرموون:- لەهەندەران لە هەندەران، کابرایەک چیرۆکی نووسی پێشکەشیکرد بە منداڵان، بە گەورەکان، بە گشت جیهان، چیرۆکی گورگی بێشەو هەرد، لەگەڵ دوو کیژۆڵەی قژ زەرد، ئێمەش پێشکەشی ئێوەی دەکەین بە بەرگێکی چل ڕەنگەوە، بە سازو تارو چەنگەوە، سەیری کەن و ورد ببنەوە، خۆتانی تیا ببیننەوە، لەوانەیە پەندی تیا بێت، لەوانەیشە لای هەندێکتان بێ مانا بێت.

ئەمە سەرەتای ئەو شانۆییە نازدارەیە کە یەکێ

بووە لە شانۆییە بەرزەکانی کاروانی شانۆیی منداڵانی کوردمان، کە منداڵانی کورد سەلماندیان کە خاوەن توانایەکی بە سۆزو پاکن لە کاری هونەریدا، گورگی بێشەو هەردو بەیتی ڕێزانکێ و داپیرەی داناو چراوگ و ڕووبار، لەو نمونە مەزنانە بوون کە بە خامەو توانای هونەرمەندانی کوردو تواناو ئاوازی کوردی هاتنە بەرهەم، هەموو ئەم شانۆییانە پلەی یەکەم و دووەمی فێستیڤاڵەکانی تێکڕای عێراقیان بەدەستهێناوە، بەڕێزینە شانۆی منداڵی کورد هەر لە باخچەی ساوایان و چالاکی قوتابخانەکان مێژووەیەکی پڕ تواناو بەرزی تێدا بینراوە، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ موداخەلە یەکی کرد لە لێکچەرێکمدا بە پێویستی دەزانم وەک خۆی بێدەستکاری یەک پیت یا وشە بیهێنمە ناو نووسینەکەوە کە دەیگوت:- (تەنیا ئەو شتەی کە منی جوڵاندووە دەمەوێت قسەی تیا بکەم مەسەلەی کورد شتمان هەیە یا نیمانە. من نامەوێ بە حەماسەوە بچمە ناو مەسەلەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەر کوردی وتویتی:- گەردنی کوردی لە کێوی بێستون مەحکەم ترە، چونکە سەد ساڵە لە ژێر باری خەمایەو نانەوێت، ئەو گەردنە نانەوێت، گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژووی میللەتان نووسرایەوە دەڵێن کەم میللەت هەیە هەندەی میللەتی کورد لە زۆر مەیداندا تێکۆشەر بێت، ئێمە لەلایەکەوم بەڵێ زۆر شتمان هێشتا ساکارە، سادەیە، بەڵام کۆششی مەردانە زۆر زۆرە، لە ١٩١٩ ەوە کۆمەڵێ ڕابەرمان هەبووە وەک:- زێوەر، عەبدولواحد نوری، بێکەس، شێخ سەلام، ئەمانە زوربەیان شاعیرن لە پاڵ زێوەر یەکەم کەسە سروودی نووسیوە، یەکەم کەسە تەمسیلیی نووسیوە ئەگەر بگەڕێیتەوە (کوڕە مەلەرزە کچێ مەترسە) تەمسیلی بووە لەسەر شانۆکانی قوتابخانەکانی سلێمانی تەمسیلکراوە، دیوانی شێخ سەلام، هەر خۆی چیرۆکێکی شیعریی هەیە حەیواناتیشە، هەر لەسەرەتاکەشیا دەڵێت، لە ١٩٢٨ دا تەمسیلکراوە وە ناویێکیش دەبات مامۆستایەکە کە ئێستا لە کولیەی ئادابە بەشی جوگرافیا کە دەڵێت:- بەو منداڵییە چەند جوانبوو بەرگی پێستی ڕێوییەکی لەبەر کردبوو، ١٩٢٨-١٩٣٠ە کە شێخ سەلام باس دەکات لە ١٩٤٥-٤٦ لە قوتابخانەی (فەیسەلیەی ئیپتیدائیا) تەمسیلییەکی (سەمیر تاجی) کە (مەنفەلوتی) تەرجەمەی کردبوو لە فەڕەنسییەوە لە (پێناوی نیشتمانا) بێکەس ئیخراجی دەکرد، مامۆستا (محەمەد تۆفیق) ئێستاش ماوە، دەهات گوێی لە بێکەس دەگرت لە کوردییەکە کە قوتابی ٥-٦ ی ئیپتیدائی بووم، جا لەم قوتابخانانەی سلێمانیدا گەلێک شت دەدۆزیتەوە، وا بزانم لە ١٩٢١-١٩٢٢ ئەو جۆرە شتانەی منداڵان دەستپێکردووە، نەک ٥٦ – ٥٧، تەنانەت لە ئیستیعرازەکانی شاردا کە هی وەرزش دەکرا لە ٤٥- ٤٦ شدا کۆمەڵێ تەمسیل لە هەوای کراوەدا پێشکەشدەکرا، ئێستاش وەک ئەمڕۆ بیرمە، کە کورد ئەو کاتە لە مەهاباد جمهوریەکی هەبوو وەک تەمسیل (پێشکەشی تۆ بێ ئەو گوڵە دڵت بۆ پڕ دڵ کوڵە)، کە شێخ سەلام تەمسیلییەکی بە شیعر نووسیبوو کە بنەڕەتی ئەمە چ بۆ شانۆی منداڵ یا بۆ گەورە مامۆستا (فواد ڕەشید)ە، بەهۆی تەئسیری زانینی ئینگلیزییەکە دەورێکی شارستانیانەی چاکی هەبووە لە مەسەلەی تەمسیل و شتا. هەر قوتابخانەیەک مێژووەییەکی ئەو تەمسیلیانەی هەیە، فۆلکلۆرەکەی خۆشمان دەوری بووە، هەر بۆ نمونە: ١٩٣٩ – ٤٠ دا تەمسیلی (کێ خەوتووە کێ نەخەوتووەو حیکایەتی گورنە تەڵە خەوتووە) حیکایەتی فۆلکلۆری کراوە، لە کۆیە (زەکی ئەحمەد هەناری و تاهیر ئەحمەد حەوێزی و حەمە ڕەش)، میللەتانی تریش وا دەستیان پێکردووە، براینە با ئێمە خۆمان بە کەم نەزانین)[٨]، وەڵامی عەبدوڵا عەباسی دایەوە کە دەیگوت:- کورد هیچی نییەو پێم شەرمە لە خۆڕا شانۆی منداڵانی بۆ دروستبکەین!!

جا دەمەتەقێکەی من لەگەڵ پرۆفیسۆر عیزەدین لەسەر ئەوە بوو کە بەشێوە ئەکادیمیەکەی شانۆی منداڵان دەگەڕێتەوە سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ کە کاروانی شانۆیی باخچەی ساوایانی منداڵانی

کورد بەیارمەتی گەلێ مامۆستای هونەرمەندی کوردو ئەدیب و نووسەری دڵسۆز کە لەو شۆڕە سوارانەش نووسەر (عومەر عەبدول ڕەحیم و دەرهێنەر سمکۆ عەزیز)، پاڵەوانانی ئەم کاروانە مەزنە بوون، بە نووسین و دەرهێنان و پاشان لە شانۆیی پاش ساڵانی ١٩٧٥ یشدا مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان نووسەرو ئامادەکەرانی تێکست (سمکۆ ناکام) ی بلیمەت و مامۆستا (کاوە ئەحمەد میرزا) دێن لە دەرهێنەرە بلیمەتەکانیش هونەرمەند (عوسمان چێوار) بە پلەی بەرزی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی دەگرێتە خۆ، لەبەر ئەوەی نەمتوانی سەر لە زۆربەی شارەکان و دەبەرەکانی تری کوردستان بدەم بۆیە باسەکەم تایبەت بووە بە چالاکیەکانی شاری سلێمانی، لەم ڕووەوە بۆ باسێکتر جێدەهێڵم و داوای لێبوردن لە هونەرمەندانی شارەکانیتر دەکەم.

**یەکەم: شانۆچکەی باخچەی ساوایانی سلێمانی**

ئەگەربگەڕێینەوە سەرباخچەی ساوانی منداڵانی کورد، دەبینین سەرەتایەکی پڕ پیت وبەرەکەتی هێز و بازووی مامۆستایان و هونەرمەندان و خێزانەکانی ئەو کاتە بووە کە مامۆستا عومەر عەبدول ڕەحیم گەلێ بەرهەمی شانۆیی نەشمیلانەی نووسیوەو لەلایەن هونەرمەند سمکۆ عەزیزەوە خراونەتە سەر شانۆ، یەکەم بەرهەمی باخچەی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، کە لەنووسین و دەرهێنانی عومەر عەبدول ڕەحیم بووە بە ناوی شانۆیی: (نان) ەوە بریتیە لە کورتە چیرۆکێکی جوانی منداڵانە، پاشان بە هاتنی مامۆستا سمکۆ عەزیز لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ دا سەردەمێکی گەش بە شانۆیی باخچەی ساوایانی سلێمانی دەستپێدەکات و مامۆستا هەڵدەستێت بە دەرهێنانی شانۆیی لالەفەتە، لەم بارەیەوە مامۆستا سمکۆ عەزیز دەڵێت:- (خەڵکی سلێمانی زۆر پێخۆشحاڵ بوون بەم شانۆییانەو بەو شێوەیەی کە منداڵانی کورد نواندیان دەکرد، فرمێسکی شادی چاوی گەورەو بچووکی قەتیس دەکردو دڵسۆزی خۆیان بەوە دەردەبڕی کە ژمارەیەکی زۆر دیاری و نامەو پاداشتی جوان جوانیان بەسەر منداڵان و بەشدارانی شانۆییەکە لەلایەن خەڵکەوە بەسەرمنداڵاندا دا ئەبارییە خوارێ، کە بە بازاڕدا دەڕۆیشتم لەم دوکان و لەو دوکا نەوە بانگیان دەکردم کە خەڵکی دیارییان بۆ کڕیبووم ولەگەڵ نامەی ناسکو لەباردا بۆیان دانابووم، ئەمە بەهۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر یارمەتیان داین بەئافەرین کردن و خۆشەویستی بەخشین بۆمان و ئێمەش کۆڵمان نەداو هەر بەر دەوام بوین لە کارکردندا. )[٩] هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ەوە شانۆیەکیتریان بەناوی (جوو جوو جوو جوو)ەوە پێشکەشکرد لە دەرهێنانی سمکۆ عەزیزو نووسینی عومەر عەبدول ڕەحیم بوو، لەو توێژینەوەیەی کەکردم بۆمدەرکەوت بیری ئەم شانۆییە بریتییە لە نوکتەیەکی فەرەسی کە (جۆن براندن) نووسەری سکۆتلەندی کردویەتیە شانۆگەرییەک لەبەر ئەوەی بابەتیکی فۆلکلۆرییە، ئاساییە کە لە کارەکەی مامۆستا عومەر عەبدول ڕەحیم بچێت، لەبەر ئەوەی فۆلکلۆری گەلانە، دەماو دەم هاتووە و بیستو مانە.

شانۆییە سکۆتلەندەییەکە دەڵێت:- شوانێک بزنی ئاغایەک سەر دەبڕێت و خوانێکی خۆش و بەتام بۆ خەڵکی گوندەکە دروستدەکات، ئاغاش لەدادگا شکایەت دەکات، کاتێ کە ڕۆژی دادوەری دێت پارێزەری شوانەکە دەڵێت، هەرچییە کیان لێ پرسیت بڵێ: ماع. بەم پێیە فیڵەکەی کابرا سەر دەکەویت و لە دادگادا سزای نادەن، دادوەر هەرچییەکی پێدەڵێت ئەم دەڵێت:- ماع، ئەویش دەڵێت دیارە ئەم برادەرە شێتە، کە پارێزەر دێتە سەر ئەوەی کە داوای پارەکەی لە شوانەکە بکات، دەڵێ: پارەکەم بەرێ، شوانەکە دەڵێ: ماع، پارێزەر دەڵێت کورە کاکە من خۆم فێرم کردی، شوانە ڕادەکا و پارێزەر بەدوایدا و پارەکەی دەستناکەوێت.

ئەو شانۆییانەی کە دەرهێنراون زۆر بوون، وا لێرەدا خشتەیەک بەناویانەوە دەخەمە ڕوو:

١- کفرەحمەد – ١٩٦٢، باخچەی ساوایانی سلێمانی، نووسینی: عومەر عەبدول ڕەحیم و

دەرهێنانی: سمکۆ عەزیز، کە ئەمیش نوکتەیەکی فۆلکلۆری کوردییە. کابرایەک بە کفرەحمەد دەگات و دەڵێت: بەدوای کفرەحمەدا دەگەڕێم بزانم ئەم کافر بابە بۆ ئەوەندە کفر دەکات بیگرم ئەیکوژم، کفرەحمەدیش بەکابرا دەڵێت: وەرە من ئێستا بۆت دەدۆزمەوە، کابرا دەباتە بەر دەم دادگاو سەیری مەحکەمەیەک دەکەن، کە دزێک چۆتە سەر ماڵێک و دیوارەکەیان باریک بووەو قاچی شکاوە، دادوەر دەڵێت: خاوەن ماڵ بۆ دیوارەکەتان باریکەو قاچی ئەم دزەی بە شکاندن داوە، خاوەن ماڵ دەڵێت: وەستاکە خراپی دروستکردووە، وەستا دەڵێت: ژنەکەی نانی نە ئەداینێ، ژنەش دێنن دەڵێت: منداڵە بچکۆلانەکەم دەگریاو نەیدەهێشت خوانیان بۆ دروستبکەم، تا لە کۆتاییدا دادگا منداڵی ساوا دێنێت و سزای بەوە دەدەن کە هەدوو گوێیەکانی ببڕن، لێرەدا دادگا ڕازی نابێت، چونکە منداڵە ناتوانن گوێی ببڕن، دادوەر سەیری کفرەحمەدو کابرا دەکات و دەڵێت: لە بری ئەم منداڵە باگوێی ئەو دووکابرایە لە سزای دزە قاچ شکاوەکەدا ببڕین، کفرەحمەد و کابراش تا هێزیان تێدا بێت ڕادەکەن، لەدەرەوە کفرەحمەد بە کابرا دەڵێت: قوربان من دادوەرو دادگای وەها ببینم ئێتر چۆن کفر ناکەم، کابراش دێتە سەر بڕوای کفرەحمەدو دەڵێت: وەڵڵا کاکە تۆ ڕاستیی مافی خۆتە کفر بکەیت.

٢- شانۆگەری: شێخەوڵا، ساڵی ١٩٦٣ پێشکەشکراوە.

٣- شانۆگەری: حەمە نەخۆش، ١٩٦٤ باخچەی ساوایانی سلێمانی.

٤- شانۆیی: پیری دەروون بەرز، ١٩٦٥.

٥- شانۆیی: کۆمەڵی کەران، ١٩٦٦.

٦- شانۆیی: بەزمی ئاوێنە، ١٩٦٧.

٧- شانۆیی: ئای گەماڵە بۆر، ١٩٦٨.

٨- شانۆیی: گورگە بازاڕ، ١٩٦٩.

٩- شانۆیی: لالە فەتە، ١٩٦٩ دووبارە کراوەتەوە، و کاکەی فەلاحیش چەند شانۆییەکی نووسیوە و مامۆستا سمکۆ عەزیز بۆ سەر شانۆی دەرهێناون، وەک شانۆیی: دۆینەی سەر بەڕۆن، ١٩٦٩ کە ڕۆژی ١٩٦٩/١١/١٣ لە ئاهەنگێکدا پێشکەش کراوە. هەر لەساڵی ١٩٦٩ دا بۆ جاری یەکەم لە نووسین و دەرهێنانی سمکۆ عەزیز شانۆیی: مانگا لۆکەی پیرێژن هاتۆتە سەر شانۆ، پاشان شانۆیی قوتابییەکی خوێڕی، عومەر عەبدول ڕەحیم و دەرهێنانی مامۆستا سمکۆ عەزیز لەهەمان ساڵدا پێشکەشدەکرێت، شانۆیی: مامۆستای دڵسۆزیش لە نووسینی هەمان نووسەرو هەمان دەرهێنەر لەم ساڵەدا دێتە بەرهەم، ئەوەی شایانی باسبێت، ساڵی ١٩٦٩ دادەنرێت بە ساڵی زێڕینی شانۆی باخچەی ساوایانی سلێمانی، چونکە زۆرترین شانۆیی و ئاهەنگ لەم ساڵەدا پێشکەشکراوە بۆ منداڵان، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دوا شانۆیی لە نووسینی عومەر عەبدول ڕەحیم و دەرهێنانی مامۆستا سمکۆ عەزیز بەناوی: پەتاو پێکەنینەوە دەخرێتە سەر شانۆ، ئیتر مامۆستا سمکۆ دەگوێزرێتەوە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی، شانۆیی منداڵانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی دەستپێدەکات و چەند شانۆگەرییەک بۆ دنیای گەورەکان دەردەهێنن، بەڵام شانۆو ئۆپەرێتی تایبەت بە منداڵان لەم مەڵبەندەدا دەگەڕێتەوە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ – ١٩٨٠، (شایانی باسە ئەو بەشەی سەرەوەم بەئینگلیزی نووسیوەو لە بەریتانیادا بڵاومکردۆتەوە بۆ قوتابیانی ئەکادیمیە شانۆییەکان تا سوودی لێببینن).

**دووەم: شانۆی تایبەتی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان.**

هەر لە سەرەتای دروستبوونی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانەوە لە سلێمانی، ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرەو پێشبردنی شانۆی کوردیدا بینیوە، بە پێشکەشکردنی شانۆی گەورەی جوان و بە ئامادەکردنی کادێری میوزیکی منداڵان و ئەکتەری گەورەو هونەرمەندی لاو پێگەیاندن بۆ هونەر، زۆر شانۆگەری بۆ گەورەکان ئامادە کردووە کە پلەی یەکەم و دووەمی ڤێستیڤاڵی سەراسەری عێراقیان

بە دەستهێناوە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠، بەڵام ئەوەی لە باسەکەی مندا مەبەستە شانۆی منداڵانە، لەبەر ئەوە دێمە سەر ئەو شانۆییانەی کەلەم تەوەرەیەدا خۆ دەبیننەوە.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ەوە گەلێ نووسەری دەقی شانۆگەری هاتنە ئەم گۆڕەپانەوە، لەوانەش: کاک سمکۆ ناکامی بلیمەت و کاک کاوە ئەحمەد میرزاو دەرهێنەرەکانیش عوسمان چێوارو کەمال سابیرو عبدولقادر مستەفاو تەهاخەلیل و بەدیعە دارتاش و نەسرین نەجمەدین وعومەر عەلی ئەمین و فازیل قەساب و شەماڵی عەبە ڕەش دێن، لەگەڵ مامۆستایەکی مۆسیقا ژەنی ئۆپەرێت کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە بەسەر ئامادە کردنی جولانەوەی ئۆپەرێتەوە ئەویش مامۆستا ولیەم یۆحەننا بووە، نابێ هەوڵ و دڵسۆزی مامۆستا جەلال عەزیز لەیاد بکرێت کە بەسەرکەوتوویی و دڵسۆزی خۆی ئەم مەڵبەندەی دەبرد بەڕێوە و وەک باوکێک و برایەک خۆی تەماشای قوتابیان و مامۆستا یانی دەکرد، لەم بارەیەوە مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزای نووسەرو ئامادەکەری شانۆی منداڵان دەڵێت:- (جیهانی منداڵان جیهانێکی پان و بەرینی بێگەردە، جیهانێکی سەیرو سەمەرەو ئاڵۆزو دژوارە، جیهانێکی پڕ تەمو مژو نهێنییەو زۆر جار دەرگای کردنەوەی ئێجگار گران و قورسە، زۆر جار مرۆڤ دەستەوەستانە بەرامبەر تێگەیشتنی ئەو جیهانە ناسکو نەرمونیانە، زۆر جار باوکان و دایکان بەرامبەر واڵاکرد نەوەی دەروازەی ئەو دنیایە پەرۆش دادەمێنن، گەلێجار ناتوانین گفتوگۆیەکی دروست و ڕەوان لەتەک منداڵدا بکەین، چونکە زۆر جار بێبارو کەمچیکڵدانەن، ئەوەی ئێستا ئارەزوی دەکات پاش ماوەیەکی کورت ڕقی لێدەبێتەوە، ئەوەی بۆی دەگری ماوەیەکیکە پێدەخەنێت، زۆر جار شتی وەهات بۆ دەگێڕێتەوە هەرگیز نە دیوێتی و نە بیستویەتی هەر لەبەر ئەوەشە زانایانی پەروەردەی منداڵان و دەرونشناسی منداڵ دەیەها کتێب و نامیلکەیان دەربارەی ئەو جیهانە فراوانە نووسیوە، بێگومان لەم دەر فەتەدا ناتوانم بە هیچ کلۆجێک هەق بە منداڵ بدەم هەر ئەوەندە دەڵێم: - ئەدەب و هونەر بەتایبەت شانۆ، هۆیەکی کاریگەرە بۆ پێگەیاندن و فامکردنەوەیان، هۆیەکی کاریگەرە بۆ دروستکردنی شەخسیەتیان، بەمەرجێ لە زمان و دونیای منداڵەوە نزیک بێ و بزانێ چۆن لە تەکیاندا دەدوێ و مامەڵەیان لەتەکدا دەکات، دوور لە ئامۆژگاریی و وێرد دادان)[١٠]، مامۆستا کاوەی بلیمەت و مرۆڤ وەک نووسەرێکی شانۆی منداڵان بەم پێیە باسی جیهانی شانۆی منداڵانمان بۆ دەکات، یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٩٧٥ لە نووسینی خۆی و دەرهێنانی ولیەم یۆحەنا بەناوی (پیاوانی پاشەڕۆژ) پێشکەشکراوە. پاشان لە ساڵی ١٩٧٧ دا شانۆگەری (کورە ئاقڵەکە) یان لە نووسینی (کاوە ئەحمەد میرزا) و دەرهێنانی (عەبدولقادر مستەفا) دا پێشکەشکردووە، ساڵی ١٩٧٧ فیستیڤاڵێکی شانۆیی لە مەڵبەندەکەدا ساز کراوە و نزیکەی ٢٠ شانۆیی و ئۆپەرێت پێشکەشکراوە بۆ گەورەو منداڵان، بۆ جاری یەکەم لە شانۆدا لەم فیستیفاڵەدا بەشداریم کردووە بە شانۆیی (خۆر)، کە هەموو منداڵانی باخچەی ساوایان و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادە ییەکان بەشدارییان تێدا کرد، کە ئەو کاتە مامۆستا غازی بامەڕنی لە وێدا سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد، لە سەناعەو بازرگانی و کشتوکاڵی بەکرەجۆش بەشدار بوون، هەر دوو تا پێنج قوتابخانە و شانۆییەکیان ئامادە کردبوو، کە پێویستییەک بوو کە ئەبێت هەر قوتابخانەیەک بەشداری چالاکی قوتابخانەکان بکات، بۆ دۆزینەوەی بەهرەی قوتابیان، ئەو شانۆییانەی کە پێشکەشکران بریتی بوون لە:-

١. شانۆیی: کورە ئاقڵەکە، لە نووسینی:- کاوە ئەحمەد میرزا و دەرهێنانی:- عەبدولقادر مستەفا.
٢. خۆشەویستی زەوی = تەها خەلیل.
٣. لە خۆبایی بوون = بەدیعە دارتاش.
٤. خۆشی = نەسرین نەجمەدین.

٥. شانۆیی: ئۆپەرێتی فەلەستین، نووسین و دەرهێنانی، مامۆستا عومەر عەلی ئەمین.

هەر لەم ساڵەدا نووسەرێکیتر دێتە پێشەوەو بە شێوەیەکی ئەکادیمی بۆ منداڵانی کورد دەکەوێتە ئامادەکردنی هەندێ دەقی چیرۆکی جیهانی ئەویش (سمکۆ ناکام)ە. لەساڵی ١٩٧٦ دا شانۆیی (داستانی بەیتی ڕێزانکێ)ی نووسی، کەلە دەرهێنانی هونەرمەند (عوسمان چێوار) بوو، ئەم شانۆییە گەلێ منداڵانی نازداری مۆسیقا ژەن و ئەکتەری کورد بەشدارییان تێدا کرد، ئەم شانۆییە بووە هۆی سەرسامبوونی هونەرمەندانی کورد لەلایەک و هونەرمەندانی عێراق لەلایەکیتر، هەر لە هۆڵی پێشکەشکرد نیدا لە بەغدا، نەقیبی هونەرمەندان مامۆستا (حەقی شبلی) هەڵدەستێت و پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکات کە ئەمە شانۆیی ڕاستەقینەی سەردەمی ئەم وڵاتەمانە، کە لە نووسین و دەرهێنان و جلو بەرگ و ڕووناکیی و..هتد، شێوەیەکی ئەکادیمی بەرزی بە خۆوە گرتبوو، کە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرابوو، هەر لەم شانۆییەدا هونەرمە ندان کاکە (کارزان و فەرمان و ئازاد و ڕێبوار)، چوار شۆڕەسواری ئەم شانۆییە بوون بە مۆسیقا لێدان و ڕۆڵ بینین لە هەمانکاتدا، کەلە ساڵی ١٩٧٨ دا لە ڕێگەی هەولێر لۆرییەک خۆیدەدات لە یەکێ لە پاسەکان و بۆی تێدەتەقێنێت و لەم کارەساتە جەرگبڕەدا، هەر چواریان شەهید دەبن، کە ئەوە دوێنێ بوو هەموو خەڵکی شارەکە بەشداری مەراسیمی ناشتنەکەیان کرد، داستانەکە لەسەر زمانی شایەر دەفەرموێت:

"بەناوی خودای میهرەبانێ، بە پێغەمبەری ئاخر زەمانێ، بە دوعای خێرو پڕ بەرەکەت بۆ وڵاتی ئاوەدانێ، وا داستانەکەی ئەو شەوتان بۆ دەگێڕێتەوە ورد ورد شایەرەکەی خۆش خوانێ".

(کاکە یادگار کە لەناو پێشمەرگەکانی پاسۆکدا بە مەلا یادگار بەناوبانگبوو، ڕۆڵی شایەرەکەی دەبینی، کە گەیشتمە مالومە و بەیەکجاری ساڵی ١٩٨٦ بڕیارمدا کۆرسێکی شەوانە بکەمەوە بۆ پێشمەرگە لاوەکان، مەلا یادگار شەوان چایی بۆ لێدەنایین کە شایەرەکەی بەیتی ڕێزانکێ بوو، سەیرم پێدەهات کە کەس نەیدەناسی، شەوێک بڕیارمدا لەبەردەمی کاک ئازادو کاک شەماڵ دا یادیان بەخێر باسیبکەم، گوتم:- ئەم مەلا یادگارەی بەردەمتان گەورەترین ئەکتەرو میوزیک ژەنی بەیتی ڕێزانکێیە دەبێ ئاگاتان لێی بێت، هونەرمەندێکی گەورەیە، بەم هەرزەکارییەی، یادگار هاواری کرد:- تێیان گەیەنە کاک ڕزگار تێیان گەیەنە، باوەڕم پێناکەن. گلەیی لە پاسۆک ناکەم کە من میوان بووم لەلایان بەڵام هەردەم ئێمەی کورد نازانین کە چۆن ڕێزی بەهرەمەندەکانمان دەگرین!!)، هەموو ئەو زاتانەی کە ناومبردن لەسەرەوەدا چەندیان بەکەساسی و زەلیلی ماڵئاواییان لێکردین؟!! چەندیان خێرنەدیوو لەژیانیان کۆچی دواییان کرد، لە ئاوارەیی و چەندیان بێ کەس سەریان نایەوەو لەو ئاڵۆزی و ڕۆژە دژوارو سامناکانەی سەردەمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕدا شۆڕشگێڕانە بۆ هونەری کوردی دڕیان بەتاریکییەوە دەنا. . گەر لێپرسراوانی کورد لاخەبەرن بە هەوڵی ئەو کەسانە، ڕاست نییە، ئەمڕۆ خەریکی هونەرمەندی کارتۆنی دروستکردنن و ئەوزاتە پیرۆزانە وەلاوە دەنێن، بە بڕیارێکی سیاسی دەبەنگ و وەک عودەی و قوسەی و ساجیدە خەریکی هونەرمەندی کارتونی دروستکردنن، بۆیە شانۆی کوردی و سینەمای کوردی ئەمڕۆ، هەندێک ئەماتۆر دەیبەن بەڕێوە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هونەرمەندە ڕاستەقینەکانمان کە تا ئێستاش لە ئازارو غەمدا دەژین و یارمەتیان نادرێت. . و هیچمان دیار نییە.. قادر دیلان، دوو عەرەب و کوردێک ناشتیان لە غەریبی. . هونەرمەندی کارتۆنی و حیزبی دروستناکرێت، چونکە هونەرمەند لە دایکدەبێت، نەک دروستبکرێت لە کارگەی پارتەکاندا.. چەند کەستان کردووە بەهونەرمەند کە نازانێ هونەر چییە؟!

بەڕێزان، هەر پاش ئەم ساڵەو لە ساڵی ١٩٧٨ دا شانۆگەری (گورگی بێشەو هەرد) لە چیرۆکی (مارسیل ئێمێ) و لە ئامادەکردنی (سمکۆ ناکام و

ئاواز و مۆسیقای سەلاح ڕەووف) و لەدەرهێنانی (عوسمان چێوار) دێتە سەر شانۆی فێستیڤاڵی عێراق و ئەمیش وەک هەمان شانۆیی لە هەولێرو بەغدادو موسڵ پێشکەشدەکرێت، بەدەرهێنانێکی نوێ و جوانەوە و پلەی یەکەمی فێستیڤاڵەکە بەدەستدەهێنێت، ئەوەی کە گرنگ بێت و وەک یادگارییەک بۆمان مابێتەوە لەم شانۆییەدا، ئەو کیژانەی کە ڕۆڵی مەڕەکان و کورسەکەیان دەبینی ئەبوونە دەرگاو پەنجەرەش لە هەمان کاتدا یەکێ لەو کیژانە بوورایەوە، کیژەکەی تەنیشتی چووە بن باڵی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە ژێر بن باڵیا بوو تا شانۆییەکە تەواو بوو و پلەی یەکەمیشی بەدەستهێنا، بەبێ ئەوەی کە هیچ شڵە ژانێک ڕووبدات و خەڵکی هەستی پێبکەن، بەڵکو خەڵکەکە دوای شانۆییەکە هەر غەمی ئەو کیژەیان بوو کە بورابۆوە و هەواڵیان دەپرسی، لەساڵی ١٩٧٩ دا دیسانەوە دلێرەکانی ئەم مەیدانە کەوتنەوە خۆ بۆ پێشکەشکردنێکتر لە نووسینی (سمکۆ ناکام و دەرهێنانی عوسمان چێوار) شانۆیی (داپیرەی دانا) یان هێنا و لە موسەنا لە فێستیڤاڵی عێراقدا پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا، کاک عوسمان چیوار دەڵێت:- (ئامانجەکا نی شانۆی منداڵان بریتییە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی داهاتوو کە بەدڵ خۆی خۆش بوێت لە پاڵ ئەمەشدا ئەم شانۆییە چارەسەری هەندێ لایەنی سایکۆلۆژی دەکات، ئەم ئامانجانە گەرچی بەندە بە ناوەڕۆکی ئەو دەقانەوە کە بۆ منداڵان دەنووسرێت. کرداری دەرهێنانیش لەم لایەنانەوە نابێ بەتاڵبێت، هەر بۆ ئەمەش هەمیشە لە دەرهێناندا ڕووم لەوە کردووە کە کارێکی هەرەوەزی بە ئەمجام بگەیەنین، بەمەش منداڵەکان بەرپرسیار بوون بەرامبەر بە ئەرکەکانیان بۆ ئەنجامدانی کارە درامییەکە، لێرەدا ئەبێ ئەوە لەبەر چاو بخەین کە هەڵسوکەوت لەتەک منداڵدا جیاوازە وەک لەگەڵ گەورەدا، بۆ ئەم مەبەستەش وامنیشانداون کە مەسەلەکە یارییەکە لە یارییەکانی خۆیان، بەڵام لە ناو چوارچێوەیەکی هونەریدا خۆی بنوێنێت، ئەم مەسەلە ی یاریکردنە وا لەمنداڵ دەکات کە لەکارەکە وەڕز نەبێت، بەڵکو چێژی لێوەربگرێت، بۆ نمونە یاری گورگ و مەڕ لە شانۆگەری گورگی بێشەو هەردا ڕەنگی داوەتەوە بازنەی ئەو منداڵانەی کە دەوری مەڕ دەبینن لە یارییە فۆلکلۆرییەکەدا هەر خۆیان دەبوونە دیکۆرو دیوارو دارستان و ڕێگەو بان نیشانی بینەران دەدەن، لەم تاقیکردنەوە یەدا بەو ئامانجە گەیشتم کە دەرهێنەری شانۆی منداڵ لە پاڵ ئەوەدا کە ئەبێ شارەزا ییەکی باشی لە جیهانی منداڵ و سایکۆلۆژی منداڵ هەبێت، هەر بەو پێیەش دەبێ شارە زایی یارییە میللییەکانی منداڵان بێت، تا لە گیانی ئەو یارییانەوە بڕوانێت و قەوارە بۆ کارە درامییەکەی پەیدا بکات، بەڵام گونجاندنی ئەو یارییانە لەگەڵ دەقەکاندا زیرەکییەکی باشی دەوێت، واتە بە جۆرێک یارییەکە کاڵایەکی بەبەر براوی دەقەکە بێت)[١١]. سەیرم لەوە دێت کە برایەکی هونەرمەند ئێستا لە سوید دەژێت، نامەوێت ناوی بەرم، هەرکاتێک خۆی ویستی دەتوانێ ئەم گوتەیەی دووبارە بڵاوبکاتەوە بۆ ڕاستی ئەم گەواهیدانەی بەندە کە لەلەندەن پێی ڕاگەیاندم و گوتی: - (لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە ساڵە دژوارەکانی ژیانماندا لێپرسراوێک عوسمان چێواری دەرکرد لە کارەکەی، ئەویش لەسەر پلیکانەکانی تەلەفزیۆن دانیشت مەلول و پەست گوتی:- خەڵکینە بۆ کوێ بچم من هەر ئەم کارە دەزانم لە سبەینێوە دێم لێرەدا پاکەت و جگەرەتان پێدەفرۆشم)!!. ئا ئەمە لوتکەی بەدڕەوشتییە لە کوردستانا کە کابرایەکی وەها بەم شێوەیە لێپرسراوێکی دەبەنگی کورد مامەڵەی وەها قێزەونی لەتەکدا کردووە و بەعسی و تەقریر نووسیش زۆر بوون کە لەو ساڵانەی عوسمان چێوار کاری بۆ شارەکە دەکرد، ئەوان ڕێگەی شانۆی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانیان نەدەزانی و لەپڕێکدا بوون بە ئەندامی کارای دراماو شانۆو تەلەفزیۆنەکان و یاری بە چارەنووسی هونەرمەندی کوردەوە دەکەن و دەدرامێنن و بەکاڵیی و خراپیی درامای ئێرانی و میسری و هیندی کۆپی پەیست دەکەن، لەکاتی نووسینەوەی ئەم بابەتەشدا

بووم کە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٨ هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی کاکە ئیبراهیم چێوارم بیست، کە غەموناسۆرییەکی تری بۆ هاوەڵان و هونەرمەندانی شانۆکارانی کورد و کەسوکاری بەڕێزیان زیادکرد.. کە ئەویش هەمان ڕێچکەی پڕدڵسۆزی برای هێژای کاکە عوسمان چێواری گرتبووە بەر لە خزمەتکردنی شانۆی کوردیدا، تا دوا هەناسەی ژیانی پیرۆزی. . سەربەرزن ئێوە ئەی چێوارە نازدارەکانی کاروانی شانۆی کوردیمان، لەپاش ئەم ساڵەوە ساڵی ١٩٨٠ دیسانەوە مەڵبەندەکە خۆی ئامادە کرد بۆ پێشکەشکردنی فێستیڤاڵی نوێ، لەوانەش لە ئامادەکردنی کاوە ئەحمەد میرزا، شانۆگەری (چراوگی غەسان کەنەفانی) ئامادە کرا لەدەرهێنانی هونەرمەند (فازیل قەساب) بوو، کە بەشداری فێستیڤاڵەکەمان کرد لە تکریت، کە ڕۆڵی حیکایەتخوانم بینی لەم شانۆگەرییەدا لەگەڵ ئازاد بەرزنجی و شەهیدی نەمر ئەریوان دەوڵەتدا، هەر لە هەمان فێستیڤاڵدا لە ئامادەکردنی کاوە ئەحمەد میرزا شانۆگەریی ئۆپەرێتی (ڕووبار) لەلایەن هونەرمەند (شەماڵ عەبدوڵڵا ڕەشەوە) خرایە سەر شانۆ، بەیارمەتی تیپی مۆسیقای بێخودی منداڵان و ئەم شانۆگەرییە پلەی یەکەمی فێستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا، ڕووبار بە عەرەبی هاتبوو لە بەغدا دەوە، بەڵام کوردییەکە پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، ئەمە بە کورتیی ئەو بەرهەمە گرنگانە بوون کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥- ١٩٨٠ مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان بۆ شانۆی منداڵانی کوردیان پێشکەشکرد.

**سێهەم:- شانۆی بڕواپێکراوی منداڵانی کورد.**

تا ١٩٨٣ شانۆیەکی بڕوا پێکراو بۆ منداڵانی کورد لە ئارادا نەبوو، کە منداڵان بە پێی خۆیان بێن و بلیتی شانۆییەکان ببڕن و بە ئارەزوی خۆیان شانۆییەکان و دەقەکانیان هەڵبژێرن، ئەم کەلێنەش لەسەر شانۆی تیپەکانی کوردستان وەستابوو تا پڕی بکەنەوە، ئەو شانۆییەی کە چیرۆکەکانی لە داستان و فۆلکلۆری کوردییەوە هەڵقووڵابێت.

باشانۆگەری منداڵانەی لە جۆری کاوەی ئاسنگەرو شیرین و فەرهاد و فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بۆ منداڵان پێشکەشبکەین، با شانۆیی گورنە تەڵەو داستانی قەڵای دمدم و ئەفسانەکانی چیای ئاگری بەشێوەی زانستی بۆ منداڵانمان بخەینە ڕوو، شانۆگەری دوانزە سوارەی مەریوان و خانزاد و گەلێ پاڵەوانانی فۆلکلۆری داستانەکانی کوردی بکەینە شانۆو بیرو زادەی منداڵانی کوردی پێگۆش بکەین، ئەگەر لەم بەرهەمە نازدارانە بۆ منداڵانی کورد ئامادە کران بەو پێیەی کە منداڵانی خەبات و ئازادی و گەڕەکی شۆڕش و گەڕەکی سەرشەقام و جولەکان و گەڕەکی قەڵای هەولێرو ئازادی و تەیراواو سێتاقان و شۆڕش و سایلۆ، هەموو منداڵێ لەوانە بە پێی خۆی بێت بۆ شانۆییەکان و بلیت ببڕێت و مافی بدرێتێ کە سەیری شانۆییەکان بکات، چونکە وەک دەزانین شانۆییەکانی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان ژمارەیەکی کەم لە منداڵە خوا پێداوە کان بینیویانن وزۆربەی کاتیش بۆ فێستیڤاڵەکان براوەو لە پاشدا بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکراون، ئەمە لەکوێ کە منداڵان بە ڕوونیی و زیندوویی لەسەر شانۆ لەبەر دەمیاندا ئەم شتانە ڕوو بدەن، ئەوە دەستنیشان دەکەم کە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بووە ساڵی پێشکەشکردنی شانۆی باوەڕ پێکراوی منداڵانی کورد و تیپی نواندنی سلێمانی چووە مێژوو ەوە بە کردنی یەکەم شانۆی باوەڕ پێکراوی کورد "منداڵە بچکۆلانەکەو گەشتی چارەنووس" کە ناوە ئەسڵییەکەی لە تێکستە فەڕەنسیەکەدا "شازادەی بچکۆلە" بوو. لەهاوینی ساڵی ١٩٨٣ کە ژمارەی قیاسی شکاند بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ پێشکەشکرا، گەر پەیکەری کاوە نەڕوخێنرایە و شار نەشڵەژایە، لەوانە بوو یەک هەفتەی تریش بڕ بکات، لە نووسینی (ئەنتوان ئاکزۆپێری) و وەرگێڕانی (مەحمود زامدار) و هۆنراوەکا نیشی بۆ دارشت، ئامادەکردنی (مامۆستا قاسم محەمەد)بوو کە زۆر ئەکتەرانی شانۆیی کوردیمان لەگەڵ منداڵاندا بەشدارییان تێدا کرد، هەروەها هەندێ شانۆیی تریشمان ئامادە

بوو بەگۆڕین و ئامادەکردن و بەکوردی کردن و دەرهێنان بۆ ساڵەکانی دوایی.

### ئامانجەکانی شانۆی منداڵانی کورد

فێستیڤاڵێک بۆ منداڵان دەکرا، چوار شانۆیی منداڵان پێشکەشدەکرا، کە چی سەیرت دەکرد منداڵان لەبەر دەرگاکەیان و ناکرێنە ژووورەوە، ئەمە نەهامەتی کورد بووە هەردەم، کە تەنها ئەو منداڵانە دەکرانە ژوورەوە کە بە ئۆتۆمۆبێل دەهاتن و کوڕی خوا پێداوەکان بوون و مامۆستاکان و خزم و ناسیاوەکانی خۆمان بوون، ئەمە ڕاستییەک بوو، با ئێمە شانۆیەک بکەین پرۆفێشناڵ بێت، تیپێک لە تیپەکانی کوردستان بیبات بەڕێوە، لە هەولێرو لە دهۆک و لە سلێمانی یا لە خانەقین و کەرکوک پێشکەشبکرێت با بۆ منداڵان بێت، با هەتا وا ڕێزیان بگرین لە بلیتی فرۆشتنیشدا نرخێکی تایبەتیان بۆ دابنێین (بەریتانیا کە شانۆی دەوڵەتی دەکرد نرخی بلیت کەمبوو بۆ منداڵان، زیانە مادیەکەی دەوڵەت دەیگرتە ئەستۆ، قازانجە مەعنەویەکەشی بۆ خێزانەکان و میللەت بوو)، گەر منداڵێک پارەکەشی تەواوی نەکرد با وەک ئەوروپا خۆبەخش بێت، هەرچی لە توانایدا بوو لێی وەربگرین، گەر نەشی بوو با بە خۆڕایی بکرێتە ژوورەوە، خەونەکەی با نەمرێنین، هەروەک دەسنیشانی ئەوەمانکرد کە چیرۆکەکان لە ئەفسانەو داستانی فۆلکلۆری کوردییەوە بێت، تیپە هونەرییەکانمان زیرەکانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەم دەقانە بۆ سەر شانۆ ئامادە بکەن کە هەموو منداڵان بە پێی خۆیان بێن بۆ تەما شاکردنی شانۆکەیان (کاتێ کە منداڵە بچکۆلانەکەو گەشتی چارەنووسم) کرد بۆ تیپی نواندنی سلێمانی، پەیکەری کاوەیان دایە بەر ئار پی چی لەلایەن مقەڕی نا شەهید عوسمانەوە، کەچی قاعەکەی ئێمە سەرەڕای ئەوەی شەهیدێک و چەندەها بریندار هەبوو لە براهیم پاشا جمەی دەهات لە منداڵان (ئەمە دەلیلێکە کە ئەوسا تا چ ڕادەیەک من ڕاستبووم بەرامبەر توانای قیر چسمەیی منداڵانی شاری سلێمانی) ئەو فێرکەرانەی کە شارەزایی سەمای فۆلکلۆری کوردین بەشدارییان پێبکرێت لە دەرهێنانی سەماکاندا، گرنگترین ئەو خاڵانەی کە مەرجێکی سەرەکین بۆ پێکهێنانی شانۆی باوەڕپێکراوی منداڵانی کورد بەڕای من ئەمانەن:-

- سوود وەرگرتن لە مێژووی کوردو چیرۆکە ئەفسانەییەکان و داستانە کوردییەکان تا بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە نووسینەکاندا ڕەنگبدەنەوە.
- ئامادەکردنی ئەکتەری بەتوانا لەم مەیدانەدا و پەروەردە کردنیان لە ڕووی ڕۆشنبیری و بیری شانۆییەوەو باری کۆمەڵایەتییەوە، کە لە منداڵان بگەن و ڕێزی جیهانە پاکەکەیان بگرن و تیکەڵکردنی منداڵان بە ئەکتەرە پرۆفێشناڵەکان تا دڵو گیانیان بکرێتەوەو شەرم لابەرن و باوەڕیان بە خۆ هەبێت.
.
- دەرهێنەری بلیمەت دەبێ پەروەردە بکرێن بخوێنن و بنێردرێنە دەرەوەی وڵات تاکو بەشێوەیەکی ئەکادیمی و وریاییەوە شانۆیی منداڵانی کورد لە هەموو شارەکاندا دەربهێنن لە جۆری شانۆیی بڕوا پێکراو نەک ئۆپەرێت و ڕێنومایی.
- لە هەر شارێکدا شانۆیەکی تایبەتی منداڵان بکرێتەوە.
- فێستیڤاڵی شانۆی منداڵان و فیلمی منداڵان دابمەزرێنین.
- سیمینارو کۆبوونەوەی کاربەدەستان و نووسەران و هونەرمەندانی شانۆی منداڵان ڕێکبخرێن.
- وۆرک شۆپی نووسینی شانۆیی منداڵان بکرێتەوەو کادێری باشمان هەن تا بیانبەن بەڕێوە.
- دەزگای توێژینەوەی شانۆو فیلمی منداڵان دابمەزرێنین بۆ لێکۆڵینەوە.

پێشئەوەی بگەمە ئاکامی ئەم توێژینەوەیە، بەپێویستم زانی هەروەک خۆی بیرو سەرنجی ئەو زاتانە بڵاوبکەمەوە کە لە لێکچەرەکەدا قسەیان کرد

لەسەر لێکچەرە کە، کە کاکە مەحمود زامدار دەیبرد بەڕێوە.

جا وەک خۆی دەمەتەقێکانی کۆڕەکە بێ دەستکاری بڵاو دەکەمەوە لێرەدا بۆ مێژوو:-

(جەمال غەمبار) دەستنیشانی ئەوەی کرد، کەشێخ تاڵب بەرزنجی دەبێ ناوی بێت لەوانە چیرۆکی شانۆیی دار فرۆش کە حەسەن عەلی ساڵح ڕۆڵی تێدا بینی. هەروەها دەستنیشانی دەبوایە باسی شانۆی خۆ بەخۆی ناو قوتابخانەکانیشی بکردایە.

(خوشکە پەیمان) دەبارەی منداڵ کە خۆی بچێت بلیت ببڕێت لێرەدا تێبینییەکم هەیە پەیمان – منداڵەکان کە شت دەفرۆشن بە ٥٠٠ فلس دەیکڕێت و بە برادەرێکی هەولێر یا بەغدای دەفرۆشێتەوە بە دینارێک کە ئەمە وا باوە. کە منداڵەکان فێری قاچاخ چێتی دەبن.

(عەبدوڵا عەباس)، مەسەلەکەی کاک مەحمود کە باسی کرد لاوان شتیان لە بارایە مەسەلە خۆدان لە شتێکی ئیختیساسی و مولاحەزە بوون لەسەری پەیوەندی بەوە وە نییە کە ئەو کەسە ی دەیکات، لاوە یا پیرە، بە تەئکید کە لە شانۆی منداڵ بدوێیت شانۆی منداڵ بە گشتی یا شانۆی منداڵی کورد بە تایبەتی عومەر عەبدول ڕەحیم یەکێکە لە هەرە مامۆستا کۆنەکانی مەسەلەی منداڵی کورد ئەدوێت، بەڵام ناتوانێت لە شانۆی منداڵی کورد بدوێت، بە تەئکید کاک ڕزگار باشتر دەزانێت لێی بدوێت، با کاک ڕزگار لاویش بێت یانی مەبەستی من ئەوەیە وەڵێ نامەوێت بە سیفەتە ڕەسمییەکە قسە بکەم وەک ئەندامێکی لیژنەی ڕۆشنبیری دەزگاکەمان، مولاحەزەم لەسەر ئەوە هەبوو، جا هەر ئەو مولاحەزانەش کە هەر ئێستا کاک ڕزگار خۆی دانیسشتووە لەگەڵ سوپاسدا بۆ ئەو ئەرکەی کە کێشاوێتی کە هەندێ بێ مەنهە جیەتی تێدا بوو، وا ئێستا لێرە دەیڵێم، جارێ من لەو کەسانەم کە تەجاوەزی ئەوەم کردووە وەک کوردێک بەشەرمی بزانم لەناو کۆمەڵێکی بیگانەدا بوەستم وەباسی شتێکی هاوچەرخ بکرێت وە لەبەر ئەوەی شعور بە نەقس نەکەم من نەمبێت کەچی پەنا ببەمە بەر هەندێ شتی دروست کراو، وە بڵێم منیش ئەوەم هەیە. من ئەگەر مێژووی شانۆی منداڵانم نەبێ هیچ هەست بە نەقس ناکەم، چونکە بارو زروفێکی تایبەتی دیارە دەوری بینیوە لەوەی کە من نەمبێت میللەتانیتر لە پێش منەوە بوویێتیان، وە ئەم شتە شارەزا بووبن، گرنگ بەلای منەوە لەم جۆرە هەڵوێستانە دا شعور بە نەقسی ئینسانی خۆم دەکەم، وە توانام هەبێت ئەوەی کە لە جیهانی هاوچەرخا هەیە، وە پەیوەندی بە هونەر، ئەدەب بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە هەیە، منیش فێری ببم و لە لای خۆم دروستیبکەم، لەسەر ئەو ئەساسەی کە هەمە، شانۆی تەواوەتی بەقەدەر مانای خۆی بۆ منداڵی کورد هەمانە؟ نە نیمانە، عەیبە نەمانبێت؟ عەیب نییە، مەحاوەلاتی جادو دڵسۆزانە هەیە بۆ ئەوەی شانۆی منداڵی کورد دروستبکەین؟ هەیە، ئەبێ باسکردنی ئەم جۆرە مەسەلانە لەم گۆشانەوە بۆی بچیت، ئەگینا جارێ هەموو نمونەکان و نمونە سەرەتاییەکانی کاک ڕزگار هەر لە یاری حەمامۆکێی منداڵانی کوردەوە هەتا بەشداری منداڵەکان لە کۆرسی کەنیسەکانا دەچێتە چوار چێوەی منداڵ و ڕەوشتی تەقالیدی مێژووییەوە، ناچێتە چوار چێوەی ئەرزیەتێ بۆ دروستبوونی شانۆیی منداڵ، خۆی هەر مەسەلەی پەروەردەی منداڵ وە پێداویستییەکانی ئەو پەردوەردە کردنەوە ئاڕاستەکردنی منداڵ لەسەر ژیانێکی هاوچەرخی پەروەردەیی ئەمانە دەوری تایبەتیان بینیوە لە ژیانی هاوچەرخایی نوێیا لە ئەوروپا و وڵاتانیترو لەلای ئێمە لە دروستکردنی شانۆکەدا، یەعنی خۆی لە ئەساسا دروستبوونی شانۆی کوردی شتێکی تازەیە، بەتایبەتی لە کردنەوەی قوتابخانە لەسەر مەنهە جیەکی تایبەتی فێرکردنی منداڵ بە دەرس و ئەمانە ئەمانە، یەکێکە لە پێویستییەکانی ئەم شتە، شانۆی وەهای دروستکرد پاک و خاوێنی فریشتەیی منداڵ و پیشاندانەوەی لە کاری هونەرییدا، هەر بۆ منداڵ خۆی لەم باخە هاوچەرخییەوە دەستی پێکردووە، چونکە ئێمە لە

لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراواندا کە کاک ڕزگار خۆی لێداوە هەر هیچ نەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێ کە ناوی شانۆی منداڵ دەهێنین هـەروەک بەتەنیا باسی شانۆییەک، ئیختیساسێکی تایبەتی لە شانۆییەکدا دەکەیت، شانۆی کۆمیدی، دراما، ئەبێ ئاوا باس لە تایبەتییەکانی شانۆی منداڵیش بکرێت لە چوار چێوەی لێکدانەوەیەکی زانستیدا لایەنەکانی سەرهەڵدانی، مەبەستەکانی، دەبوایە کاک ڕزگار بەم جۆرە بۆ مەسەلەکان بچوایە، چۆن شانۆ بۆ منداڵی کورد دروستبکەیت وە بۆ چی؟ وەلایەنە هونەرییەکانی ئەم پێویستییە لەمەسەلەی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵی کوردا چییە؟ ئەوی ڕاست بێ باسەکەی کاک ڕزگار لە پێشەوە گێڕانەوە مێژووییەکەی وەک کاک جەمالیش وتی زیاد لە پێویست بوو، درێژ بوو. مەنهەجیەت کە ناوی نا شانۆی منداڵی کورد وە دروستکردنی شانۆ بۆ منداڵی کورد، مەنهەجێکی دابنایە بۆ ئەم مەبەستە، وەکوو شانۆی تایبەتی بە منداڵی کورد لە کەیەکەوە دروستبوو؟ شانۆی تایبەتی بۆ منداڵی کورد چەند سوودی لەلایەنی پەروەردەی هاوچەرخی وەرگرتووە؟ شانۆی منداڵی کورد چەندە توانیوێتی سوود لە شتە ئەسیڵەکانی کورد خۆی وەربگرێ وە منداڵی کوردی بە شێوە تایبەتێتی کوردی پێ پەروەردە بکا؟ چەنە شانۆی هاوچەرخ، چۆن شانۆیەکی هاوچەرخ بۆ منداڵی کورد دروستبکەین؟ کە خسوسیەتی منداڵی کورد لەسەر هەر لە منداڵییەوە تا گەورە ئەبێت ئیحتیفاز بە خۆشەویستییەکەی کوردایەتی خۆیەوە بکات؟ وە سوپاس.

مامۆستا (عەبدولستار تاهیر شەریف):- پێشەکی زۆر سوپاسی کاک ڕزگار دەکەم بۆ ئەو توێژینەوە ئەکادیمیە لەسەر ڕێبازی مەنهەجیەتێکی عیلمی سرف کە ڕۆیوە. لەهەمانکاتدا زۆر گلەیی لەو برادەرانە دەکەم کە خەریکی ئەوە بوون توێژینەوەکە بە نا مەنهەجیەت لە قەڵەمبدەن یا دەرچوون لە مەنهەجیەت لە قەڵەم بدەن، چ بە پێی شارەزا نەبوونیان لە مەنهەجیەت، وە چ بە پێی شارەزا نەبوونیان، دیارە لەسەر شانۆو شانۆی منداڵ. موقەدیمەکە بەڕای من موقەدیمەیەکی پێویست بوو، یانی هەر باسێک دەبێ موقەدیمەیەکی بۆ بڕازێنێتەوە کە شانۆ چییە لە کوێوە هاتووە؟ شانۆگەری لە وڵاتانی عالەم چی بووە؟ بۆ ئەوە ئێمە لێی تێبگەین ئەو وەختە ئێمەی کورد محەلی ئیعرابمان لەکوێیە لەو شانۆگەریانەیا؟ کەی هاتووینە وەزنمان چەندە، باری جوگرافیمان لە کوێیە، ئەگەر ئەوانەمان بۆ نەگێڕایتەوە لێی تێناگەین. سەرکەوتووە بە ڕای من لە لە دایکبوونەوە تا شەش ساڵ، لە مێژووەکەی کوردی کە وتی لە ١٩٥٦ دەستپێکردووە، کاک عەبدوڵڵا عەباسیش وتی ئێمە هەر هیچمان نییە، وا نابێت ئێمە هەر هیچمان نەبێت، ئەتوانی بڵێیت هیچەکانمان کرۆ کاڵ. هیچەکانمان ناگاتە ئەوەی یۆنان، ناگاتە ئەوەی سۆڤێت ناگاتە ئەوەی ئەمەریکا، قەیناکا بەس هیچمان هەیە، هەر ئەوەی کە ئەو شانۆییە منداڵ لەبان شانۆ کار دەکات و نووسەر بۆی دەنووسێ شتێکمان هەیە، بەس نیمانە وەکو ئەو کابرایەی مۆسیقیەکە جەمیل بەشیر گوتبوی کورد مۆسیقای نییە، ئەی کورد مۆسیقای نییە ئەی تۆ کێیت؟ ئەبوایە نەقدی ئەوەی بکردایە کە زۆربەی ئەو دەقانە مترجمە لە زمانەکانی تر گۆڕاوە، هەولبدەین نووسەرەکان بۆ منداڵان بنووسن کە ئێستا کادێری باشمان پێگەیوە. منداڵ بچێت بۆ شانۆیی ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە.

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسـووڵ):- بێگومان نەمئەویست ئـەم ئێوارەیە قسە بکەم وە بچمە مەیدانێکەوە کە کـاری من نییە، بـەڵام زۆر جار ئەڵێن باسی بەنرخ، نووسینی بە نرخ، کتێبی بە نرخ، ئەوەیە کە بتوانێت کۆمەڵێ موناقەشە ڕابکێشی، هەندێ نووسین کتێب یەت ئـەڕواو ئیتر تاوێکەو هەر ئەو تاوەیە، لێرەوە دەڵێم بە پێی موحازەرە کەی ئەمڕۆی کاک ڕزگار نرخێکی گەورەی لەوێایە کە گەلێ موناقەشەی جوڵان، لاوان ڕێگەیان بدرێ قسە بکەن وە لە میکرۆفۆنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری دەزگـای ڕۆشنبیری یەکیەتی نووسەرانی کورد لەو شوێنانەوە لە جیاتی ئەوەی شارەزاو پسپۆڕە

گەورەكانمان كەلە زۆر مەيداندا بە داخەوە شارەزا و پسپۆڕی گەورەمان نییە، جێگە هەر جێگەی لاوانە ڕێبدرێن، یان نە ئەمە خۆی جێی موناقەشەیەکە. ئێمە کاتێ یەکیەتی نووسەرانی کورد لە گەڕا بوو، وە کۆڕی هەبوو چەند جارێ کۆمەڵێ لاومان پێشکەشکرد، بەڵام ئەبێ دوو حیساب بکەین یەکەم:- گوێ بۆ لاوان و بۆ خۆشیان و بۆ گەڕانیان و بۆ هەوڵی ئەم جیلەی ئێستامان بەین کە بە چ ڕێبازێکدا ئەڕوا، دووەم لاوانیش ئەبێ بە تەوازعەوە بێنە سەر میکرۆفۆن، ئەو تەوازوعە شتێکی زۆر باشە کە یانی کاک ڕزگار هەر وەک پێشکەشکرا لێرە نەبووم بەداخەوە لە پێشکەشکردنەکەدا گەنجێک کە هێشتا قوتابی ئەکادیمیاو نووسینە بەدەم قوتابێتییەکەوە هەوڵی بەرهەمبدات شتێکی گەورەو پیرۆزە، بەڵام دیسانەوە هەروەک داوای تەوازوع لەویشدەکرێت داوای ئەوەشی لێناکرێت کە شتێکی گەورە پێشکەشبکات، ئەوە وابزانم زۆر. . . ئەوە خۆی نامەنهەجیەتە تۆ داوا لە قوتابییەک و لە مامۆستایەک بکەیت کە وەکو یەک شت پێشکەشبکەن، کەسێک کە چل پەنجا ساڵ بێت خەریکی ئەو باسەیە تۆ داوا لە کاک ڕزگار بکەیت وەکو ئەو باس بکات، چونکە تۆ پێشەکی کە هاتووی دەزانی کە کێ گوێ لە موحازەرەی کێ دەگرێت، جا ئەمە لایەک، لاکەیتر تەنیا ئەو شتەی کە منی جوڵاندووە دەمەوێت قسەی تیا بکەم مەسەلەی کورد شتمان هەیە یا نیمانە، من نامەوێ بە حەماسەوە بچمە ناو مەسەلەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەر کوردی وتوێتی گەردنی کوردی لە کێوی بێستون مەحکەمترە، چونکە سەد ساڵە لە ژێر باری خەمایەو نانەوێت. ئەو گەردنە نانەوێت، گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژووی میللەتان نووسرایەوە دەڵێن، کەم میللەت هەیە هەندەی میللەتی کورد لە زۆر مەیداندا تێکۆشەر بێت، ئێمە لەلایەکەوە بەڵێ زۆر شتمان هێشتا ساکارە، سادەیە بەڵام کۆششی مەردانە زۆر زۆرە، لە١٩١٩ ەوە کۆمەڵێ ڕابەرمان هەبووە وەک زێوەر، عەبدولواحد، نوری بێکەس، شێخ سەلام. . .

(عەبدوڵڵا عەباس): جاری دووەم لە خۆشویستنی قسە کردنەوە نەهاتمەوە سەر شانۆ، بەڵام دکتۆر قسەکەی منی وا لێکدایەوە. . نا حەز ئەکەم مەسەلەکە وازح بێ، کاک ڕزگار باسی شتێکی تایبەتی دەکات لە شانۆدا، شتێکی تایبەتی لە شانۆدا، شانۆی منداڵ وەخۆی کاک ڕزگار باسدەکات لە (٦٥ ەوە، مەحمود ڕاستی دەکاتەوە ٥٦). عەبدوڵڵا ٥٦، ئەو نمونانەی کە هێناویێتیەوە وە ئەو وەختە کاک سمکۆو ئەوان کردوویانە ئەو نوکتانەن کە من بە منداڵی لە گەورەم بیستووە هی منداڵ نا. . ئینجا کە گەردنی کورد لە کێوی بێستون گەورەترە. . من دڵنیام کە گەردنی کورد لە کێوی بێستون گەورە ترە بەڵام پێم عەیب نییە شانۆی کوردی منداڵی وەک ئیختیساسی ئەسڵیمان نەبێ، مەسەلەکە بەو شکڵەیە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە بیرێ بەگوێیا کە گوایا من بڵێم هەر هیچمان نییە، من بەتەوازوعی ئەوەوە قسە ئەکەم ئەڵێم کە ئێمەو مانان خۆمان لەم مەسەلانە ئەدەین وەکو دکتۆر خۆشی وتی لاوەکان بە تەوازوعەوە قسە بکەن، یەعنی نەڵێین کە ئەوەنەمان هەیە کە موبالەغەی تیا بکەین، مەبەستەکە حەز ئەکەم ئەوە لاتان وازح بێت کە من وتم نیمانە وەڵڵا بە عەیبیشی نازانم ئەوە بە مەوزوعیەت وەربگرن، بەو شکڵە وەریمەگرن کە من باوەڕم بەوە هەبێ کە کورد گەردنی لە کێوی بێستون گەورەترە کە کوردی ئەوەی وتووە کورد، جەریدەشی نەبوو وەواشی وتوە، ئەوە یەکێ نییە بەسەری بشکا بیکات بە منەت و بیلێ ئەمە حەقیقەتێکە هەموومان باوەڕمان پێیەتی، بەڵام ئێمە ئێستا لە مەجالی لێکۆڵینەوەیاین لەسەر شتێکی عیلمی، فەنێکی تازە، هونەرێکی تازە، کە میللەتی کورد پێیئاشنان.. سوپاس.

(مامۆستا عیزەدین تەعقیب): تەبعەن مەحمود وایپێخۆشە، من پێم خۆش نییە بەڕاستی تەحەمول ناکەم نەک کاک عەبدوڵڵا هیچ کەسێ بخەمە ئینفیعالکردن و بیخەمە. . ئێمە موناقەشە ئەکەین.. ڕاستدەکا.. ئێمە خۆمان دواکەوتووین لە زۆرشتا

دواکەوتووین وە کە دەڵێم گەردنی کوردی لە کێوی بێستون مەحکەمترە، چونکە سەد ساڵە لە ژێر باری خەمایەو نانەوێ، مەخسەدم ئەوە نییە کە کەسێکی کە باوەڕی بەوە نەبێ هەموومان کوڕی ئەو میللەتەین و باوەڕمان بە میللەتەکەی خۆمان هەیەو باوەڕمان بەپێشکەوتنی هەیەو تا هەر کەس بە پێی خۆی هەوڵئەدات، بەداخەوە تەیارێکی وەها هەیە کە دەنووسێت کە کورد حەزارەی نییە، نووسینی نییەو ئەشنووسرێت لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا هەیە، کۆششی مەردانە بەڵێ هەیە. بەڵێ هەموو شتێکمان هەیە.

باسەکەی برادەران لێرەدا کۆتایی هات، تەنها دەمەوێت ئەوە بێژم کە ئەوکاتە من ئاگام لە ململانێی نێوان ئەو زاتانە نەبوو، باسێکی ئەکادیمیم ئامادە کردبوو تا پێشکەشی بکەم و دەیانویست بچووکی بکەنەوە، تەنانەت گەلێک وێنەی فۆتۆگرافی مامۆستا شکور مستەفام هەیە (خودای لێرازی بێت) کە لە کۆڕەکەدا نووستووە و بەچەپڵەڕێزانەکەدا هەڵساو وتبووی:- ئەو برادەرە کوردی نازانێ! ئائەمە نەهامەتی کورد بوو لەو کاتانەدا و من ئاگاداری ململانێکە نەبووم، چونکە ئەوە کاری من نەبوو، لەکاتێکدا ئەم سیمینارەم پێشکەشکرد لە ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکاندا دەگوترا کورد خاوەنی هیچ نییە، تەنها ئەم سیمینارە بەسبوو کە ببرێم و لەناو ببرێم لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەداخەوە کە نرخی نەدەگیرا لەلایەن نووسەرانی کوردی بەعسەوە. . چیمان حاسڵکرد لەمە جگە لە دڵسۆزی بۆ میللەتەکەمان و کەڵچەری میللەتەکەمان نەبێت؟!

**ناکام**:- دوای لێکۆڵینەوەکەو تاقیکردنەوەکانی شانۆییمان، چۆن منداڵی کورد سەلماندی کە بەتوانایە؟!

کە لەئەکادیمیا دەمخوێند، ئێواران دەچومە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەریتانی و فەرەنسی تا هەرشتێکم دەستبکەوێت لەسەر شانۆی منداڵان لەڕۆژئاوادا، ترە ئینگلیزییەکم دەزانی بەهۆی خاڵمەوە کە هانیدەدام هەفتانە (بەغداد ئۆبزێرڤەر) بکرم و بیخوێنمەوە، هەرچەند مامۆستا (سامی عەبدولحەمید و ست ئیبتیسام) ڕووناکی وجلوبەرگیان بەئینگلیزی دەوتەوەو مامۆستا (بەهنام میخائیل) یش لەپۆلی دووەمدا نواندنی بەئینگلیزی دەوتەوە، یارمەتییەکی باشی منیاندەدا، ئێواران لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەریتانیدا دکتۆر (وریا)م دەبینی و ئەویش فێڵێکی زۆر گرنگی فێرکردم کە چۆن برەو بدەم بە ترە ئینگلیزییەکەم و گوتی:- گەر دەتەوێت فێری ئینگلیزی بیت، دەبێت لە ئیختیساسەکەی خۆتەوە دەستپێبکەیت، برۆ پەرتووکی شانۆیی و شەکسپیر بخوێنەوە، ئەو پەرتووکانەی کە بەعەرەبی خوێندوتنەوە!! داوای پەرتووکی شانۆییم کرد دەربارەی منداڵان، لێپرسراوانی بنکەکە پەرتووکەکانیان بۆ ئۆردەرکردم و کەوتمە سەرەتەقێکردن تا لێیان حاڵیبم، من دەمویست شانۆییەک بکەم کە دەزگایەکی مەزنی دەوڵەتی نەتوانێت ئەنجامیدات، دەمویست یەکەم وۆرکشۆپی کوردی بکەمەوە بۆ منداڵان و قوتابیانی پەیمانگەی، هونەرە جوانەکانی سلێمانی و تیپی نواندنی سلێمانی، ئەو کاتانە ناومان دەنا ستۆدیۆی ئەکتەر، دەمویست وانەی پەروەردەو فێرکردن بکەمەوە و دژی ئەوسیستەمە قۆرەی قوتابخانەکانی عێراق بم کە تەنها وانەی ڕەسم و دینیان بەقوتابخانەکان دەوتەوە، دەمویست ئەو دیوارە بروخێنم کە دەرهێنەری کورد خۆی هەموو شتێکی دەکرد لە دیزاینی دیکۆرو ڕووناکی و جلو بەرگ و سەماو ماکیاژیشدا ونواندنەکەشی دەکردو ئەکتەرەکان لاسایی دەرهێنەریان دەکردەوە، دەمویست هەر کارەو کەسی پرۆفێشناڵی خۆی بۆ دابنێم. . دەمویست یەکەم شانۆیی تەشکیلی کوردی بکەم و پێشانگەیەک بۆ منداڵان بکەمەوە لە بەردەمی شانۆییەکەدا کە منداڵانی ٨-١٢ ساڵیش پێش ئەوەی بچنە هۆڵەکەوە بیرێکیان لا دروستبێت و بۆیان سەختنەبێت، چونکە شانۆییەکە بۆ مێردمنداڵان و کیژانی ١٢-١٨ ساڵانبوو، دەقەکەم لە مامۆستا (قاسم محەمەد)

وەرگرت و بەرەو بنکەی ڕۆشنبیری فەڕەنسی کەوتمە ڕێ و داوای بینینی سەرۆکی بنکەکەم کردو ئەویش بینیمی و هەرچییەکم لەسەر (ئەنتوان دیسانت ئەکزۆپێری) ویست دایمێ و ترسێکیش دایگرتبووم پەڕتووکەکان ڕیفرینس بوون، یانی نابێت بچنە دەرەوەی پەڕتووکخانەکە، داوای لێکردم کە ئەورۆژانەی دێم بۆ مەرکەزەکە با دووشەممە تا چوار شەممە بێت، من لێی حاڵی نەبووم، تا ڕۆژێکی پێنج شەممە چووم، کاتێکم زانی حەرەسی کۆشکی کۆماری خۆیان کرد بەژووردا و زۆربەی کەس لە بنکەکەدا چوونە دەرەوە، من سەرم داخستبوو کە سەرمهەڵبڕی دوو زەلامی زەبەلاح خۆیان کرد بەژووردا، یەکێکیان گوتی:- وولەک نەزل ڕجلەک.. یانی هەتیوو قاچت داگرە!! من قاچم خستبووە سەرقاچ و سەرمداخستبوو. . بەلایەکی چاو سەباح میرزام بینی.. ئیتر تۆقیم، نەدەمتوانی هەڵبستم نە دەمتوانی بمێنمەوە، کەسێک هات و گوتی:- ناوت چییەو چی کارەیت؟ ناوم پێگوت و گوتم:- قوتابی ئەکادیمیام و دەمەوێت شانۆییەک بکەم بۆ منداڵان، پەڕتووکی شانۆییەکەی (شازادەی بچکۆلانە)م لەبەردەستا بوو سەیری وێنەکانیم دەکرد کە چۆن (عەمار سەلمان) کوتومت کۆپی کردبوو لەئە سڵییەکەوە، وێنەکانی فەڕەنسییەکەو عەرەبییەکەم بەراورد دەکرد تا بیدەم بەبرای ئازیزم (وەهبی ڕەسوڵ) تا پێشانگەکەم بۆ دروستبکاتەوە، داوامکرد کە دەتوانم بڕۆم ئەو لەسەر سەرم وەستابوو، پاشان لەگەڵما هات و تا دەرەوەی بردم، دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسەی جنێوەکەی پێدام (فەلاحی مولاکمی برای سەباح) بوو، جا ئیتر نەک هەر نەچوومەوە بەو بنکەیەدا، بەڵکو کورنیشیشم تەرککرد. قوتابییەکی ئەکادیمیا پێی گوتم:- کە سەباح فەڕەنسی دەزانێ و هەموو پێنج شەمموانێک دەچێ بۆ ئەوێ بۆ خوێندنەوە، بیخەرە بەرچاوی خۆت بچیت توێژینەوە بکەیت بۆ منداڵانی پاکو بێگەردوو تووشی ئیهانە بیت، عێراقیان کڕیبوو بەهەواو ئاوو خەڵکەکانییەوە، بەهەرحاڵ لەنیوەی ساڵی ١٩٨٢ گەڕامەوە سلێمانی و پڕۆژەکەم بۆ مامۆستا (کاوە ئەحمەد میرزا) باسکردو تێمگەیاند کە ئەمە یەکەم شانۆیی بڕوا پێکراوی پڕۆفێشناڵی کوردی دەبێت و تیپ دەچێتە مێژووەوە، پاش چەند ڕۆژێک بڕیاردرا کە لەمێژووی تیپی نواندنی سلێمانیدا بۆ یەکەمجار دەرهێنان بدرێت بەقوتابییەکی هونەر کە هێشتا لە پۆلی دووەمی ئەکادیمیدا بێت، من هەموو سەرکەوتن و لەدایکبوونی ئەم ئەزموونە دەگەڕێنمەوە بۆ مامۆستای هێژاو بەئەمەک کاک کاوە ئەحمەد میرزا کە ئەو باوەڕەی پێبەخشیم و ڕێگەی بۆ کردمەوە، پاشان مامۆستا (ولیەم یۆحەنا)م بینی و پڕۆژەکەم بۆ باسکرد زۆری پێخۆشبوو، گوتی:- دەقەکە و هۆنراوەکان بهێنەو لەگەڵ کاک (ئەنوەر قەرەداغی و سەلاح ڕەووف) دا ڕێکدەکەوم کە هەرسێکمان ئاوازەکانت بۆ دابنێین، ڕامکردەوە بۆ بەغدادو دەقەکەمدا بە کاکە (مەحمود زامدار) و داوالێکرد کە هەردیمەنەو هۆنراوەیەکی بۆ دابنێت کە دەیکردە حەوت هۆنراوەو ئەوەشم بۆ باسکرد کە بۆ یەکەمجار نەخشەی دیکۆرو جێبەجێکردنەکەی دەدەم بە هونەرمەند (عەلی مەندەلاوی) گوتی:- هەتیم بەخودا شتێکی عەجایبی لێدەردەچێت، بڕۆ من لەگەڵتا دەبم!! ئەوکاتە (عەلی مەندەلاوی) لە دەرەوەی خوێندندا کاریدەکردو لە ئەکادیمیاش قوتابی بوو بەدەست نەدەکەوت، لەکۆتایی تاقیکردنەوەی سەری ساڵدا بووین نیوەڕۆیەکی گەرمی مانگی ٦ بوو، دەچومەوە بۆ هۆستڵەکەم، سەیرمکرد کابرایەک لەسەر درەختێکی توودا، توو دەتەکێنێ کە سەیرم کرد (عەلی مەندەلاوی) بوو هاوارملێکرد، گوتی:- وەرە سەرێ توو دەخۆم.. زۆر خۆشەو چاک گەیوون، بەیادی منداڵییەوە منیش کتێبەکانم فڕیدایە بندارەکەو سەرکەوتم بۆلای و گوتم:- عەلی گیان خەریکی شتێکی زۆر مێژوویيم بۆ کوردو دەبێت یارمەتیم بدەیت.. شانۆیی (شازادەی بچکۆلانە)ی ئاکزۆپێری دەکەم

و دەمەوێت بۆ یەکەمجار لە مێژووی شانۆی کوردیدا دیکۆرەکەی بدەمە دەست ڕەسامێک کە بۆمبکات.. گوتی:- کارێکی بەجێیە. . من لەگەڵتا کار دەکەم. . گوتم:- نامەوێت وەک دەرهێنەرەکانیتر خۆم نەخشەی دیکۆرو هەموو شتەکان بکەم کارێکی ئەکادیمی نییە.. عەلی مامۆستایەکی پێناساندم کەلە پۆڵۆنیا هاتبۆوە و منیش دەقەکەو هەموو وێنە فەڕەنسی و توێژینە وەکانم دابە عەلی مەندەلاوی و لەگەڵ ئەو مامۆستایەدا مشتومڕی زۆر مەسەلەمان کرد و گوتم:- نامەوێت بە هیچ جۆرێک بۆنی دیکۆری شانۆییە عەرەبیەکەی قاسم محەمەدی لێبێت و بڕیارماندا کە هاوینی ساڵی داهاتووی ١٩٨٣ بێن بۆ سلێمانی، یەکێ لەو مەسەلانەی کە لەگەڵ عەلی مەندەلاوی لای من گرنگبوو، دەمویست ١٢ منداڵی کورد کە گۆرانی و سەماکان دەکەن دیکۆرەکانیش بەسەماوە بگۆڕن و ئێکسسوارەکان جێگۆڕگێ پێبکەن، لەلایەکیترەوە کاک (مەحمود زامدار) جوانترین و ڕەنگینترین هۆنراوەی بۆ شانۆییەکە دانابوو کە مامۆستا (ولیەم و ئەنوەر قەرەداغی و سەلاح ڕەووف) زۆر خۆشییان لێهات و بەدڵیانبوو. هەریەکەو دوو ئاوازیان داناو مامۆستا ولیەم سێ ئاوازی دانا، نەخشەکێشی سەماو جێبەجێکردنەکانم سپارد بە کاک ئەنوەر و لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی گەورەم لەسەر شانۆی منداڵان ئامادەکردو لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەغداد بۆ ڕۆشنبیران و قوتابیانی زانکۆکانی بەغداد پێشکەشکردو کەوتینە ستۆدیۆی ئەکتەر و ئامادە کردنی پرۆڤەکان، دوو جۆر منداڵ کاریان لەگەڵدا دەکردم، ئەومنداڵانەی کە خۆم لە تیپی مۆسیقای بێخود پاش ڕۆشتنی مامۆستا نامدار بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرپەرشتیم دەکردن و وانەی سۆلڤێج و شانۆم پێدەوتنەوە وخزمانی خۆشم و ئەو منداڵانەی کە تیپی نواندنی سلێمانی هێنابوونی تا ڕۆڵی کۆرس و سەماکان ببینن کە من دەستەڵاتی تەواوم بەسەر ئەمانەدا نەبوو، لە لایەکیترەوە هەوڵمدا منداڵان و گەورە تێکەڵبکەم، کە لە هیچ جێگەیەکی دونیادا بەم شێوەیە کەم کەس کاری دەکرد، مەبەستی من ئەوە بوو کە ئەکتەرە گەورەکانی وەک (کاک کاوەئەحمەد میرزاو یونس حەمە کاکە ونیاز لەتیف وئاڵا عومەرو هاژە خان و هاوڕێ و ئەریوان عومەر دەوڵەتی ڕەحمەتی و ساماڵ و قادرۆک وشەفیق و دڵشاد) ببنە نمونەی باڵای منداڵەکان، هەر چەندە (شەفیق محەمەدو دڵشاد) سێ ڕۆژ بەر لە شانۆییەکە وازیان هێنا کە لەسەر مەسەلەیەکی زۆر قۆڕ بوو کە بۆچی ناوی (عەباس فەخری و وەرزێر عەلی بۆسکانی) تان نووسیوە و لەقەبەکەی ماڵی کاک عەلیتان وەک خۆی دانەناوە. . ئەمە ڕاست نییە. . سەیرە کە کاک شەفیق وکاک دڵشاد من باوەڕی تەواوم پێیان هەبوو وەک دوو قوتابی چالاکی پەیمانگەو لەگەڵ تیپدا شەڕمکرد کە تا ئەو قوتابییە ئەکادیمیانەی پەیمانگە نەبن من ڕۆڵەکان نادەم بە ئەکتەری ئاسایی تیپ، کەچی ئەوان منیان خستە نارەحەتیو بەر لەسێ ڕۆژ لەسەر مەسەلەیەکی قۆڕ وازیان لێهێنام. . کە دەستیان دەخستە کاروباری خێزانی خەڵکەوە کە بۆ ئەبێ ناوی باوو باپیری ئەکتەرێکی منداڵ بگۆڕن، خێزانی بەڕێزی ماڵی کاک (عەلی و کاک فەخری باوکی عەباس) پێیان خۆش بوو کە لەقەبی (بۆسکانی) بۆ منداڵەکانیان بنووسن، کەچی ئەو برادەرانە دژی ئەم مەسەلەیە بوون و داوایان ئەکرد لەقەبی کۆنی ماڵی باپیری ئەو منداڵانە بنووسرێن بە دژی خواستی خێزانەکە، کە" پرۆگرامی شانۆییەکەیان بینی ئیتر وازیان هێنا"، جێی شانازییە کە کاک (عەلی بۆسکانی) مافی ١٠ بلیتیان هەبوو بۆ دوومنداڵی بەشدار بوو کەچی کاک (عەلی) ڕازی نەبوو بەخۆڕا بێت و" پێموایەو وابزانم" کە بلیتێکی زۆر گرانبەهای بڕی بە نرخی نیوەی خەرجی شانۆگەرییەکە، منیش بەپەلە هاتم خۆم ڕۆڵی (لەخۆبایی) ەکەم بینی و ڕۆڵی (پادشای تەمەڵ) یشم دا بە برای ئازیز (کەریم عوسمان) کە بۆ پشووی هاوین لە بەغداد هاتبۆوە و سێ ڕۆژ بە

ماوەی ١٢ کاتژمێر پرۆڤەمان دەکرد و هەموو ڕۆژێک ئەو منداڵە نازدارە (عەباس فەخری بۆسکانی) خوێنی لوتی دەپڕژا لەو گەرمایەی سلێمانیدا و منیش ڕۆحم دەچوو، دەترسام کە شتێکی خراپی لێ ڕووبدات، چونکە پۆستەرەکان بەشاردا بڵاوبووبونەوەو سێ ڕۆژ مابوو ئیتر گەڕانەوەی نەبوو. . ئەو برادەرانە ئێمەیان خستە هەلەکە سەما لە خۆڕایی. . ڕەنگە لە ژێرەوە مەسەلەیەکی لەوە گەورەتر لە ئارادا بووبێت، بەڵام ڕاستی نە من نە تیپیش نەماندەزانی چییە؟! ئەوە کاک شەفیق و کاک دڵشاد خۆیان دەبێ وەڵامی بدەنەوە!! سەیرە من ناوم (ڕزگاری کەریمی ڕەحمەیە) تۆ بۆ ئەبێ وەک دایکم بەزۆر ناوم بکەیت بە (ڕزگاری کەریمی سەعەی مەلا جەردە) کە مەلا سەعیدی بەسەزمانی باپیرم لەزەمانی ئینگلیزدا شەوێک دوو جەردەی گرتبوو کە شەوان دزییان لەگەڕەک دەکردو کەس نەیدەزانی کێن و داماوە پیاوەتی لەگەڵ خەڵکی گەڕەکدا کردبوو کەچی ناویان نا سەعەی مەلا جەردە.. ئەو برادەرانە دەیانویست مارکسییەت بەسەر منی بەسەزماندا تەتبیق بکەن لەسەر ناوێک!! لەژیانمدا قورحە م نەدیبوو لەخەفەتدا تووشی قورحەبووم و سێ مانگ پێوەی تلامەوە، هەرچەندە خوشکە زایەکم هەبوو ڕۆڵی لێبۆکێکی دەبینی لەگەڵ قادرۆکدا کاک (شەفیق محەمەد) پاش ماوەیەک هاتو داوایکرد لە شانۆکەیدا ڕۆڵی بۆ ببینێ، من گوتم:- ئەو خوشکە زایەمت پێشکەشبێت بۆ سێ مانگ، تۆ کارێکی مرۆڤایەتییانە لەگەڵ خێزانەکەماندا دەکەیت، وەک دەرهێنەرێک بەس ئاگات لێبێت، ئیتر ئەو برای بچووکی تۆیە. . پرسی ناوێت، من کاری سایکۆلۆژی و پەروەردەو رەوشتیشم دەوتەوەو ئەو منداڵانەی کە سێ ساڵ لەگەڵ مندا بوون وەک ئەوە وەها بوو کەلە دەزگایەکی گەورەی دەوڵەتیی مەزندا بژین، بۆیەش تا ئێستا هەر هەموویان هاوڕێو برامن و زۆربەشیان لە ئەوروپان. . پاش ٢٩ ساڵ بەسەر ئەوکارانەدا ئێستاش کەلە هۆڵەنداو ئوستралیاو سویدەوە دێنەوە بۆ کوردستان، سەرێک لەمن دەدەن و دێنە لەندەن، ئینجا دەڕۆنەوە بۆماڵەوە، ئەو منداڵانەش وەک:- عەباس فەخری بۆسکانی (شاعیر)، هاوڕێ مستەفا (دەرهێنەر)، هاوار مستەفا (سینەماتۆگراف)، پێشڕەو مەجید (پسپۆڕی کۆمپیتەر و خاوەنی سابۆتێکس و کوردش میدیا)، فەلاح عیزەدین (ئەکتەر و دەرهێنەر)، باکۆ ئەحمەد (ئەکتەرودەرهێنەر)، جەلال ئەحمەد (ئەکتەر)، پشتیوان خاوێ (دەرهێنەر)، ڕێناس وێنەکێشی کاریکاتۆر و لاوەکانیش (ئاسۆ عومەر (ئەکتەرێکی لێهاتوو)، یاسین قادر (ئەکتەرو ڕەخنەگر)و زۆری تریش هەن کە نازانم ئێستا چیدەکەن، وەک گۆران عارف و هەوار جەمال و ئەسکەندەر و پەروێزو ئاسۆس وکیژەکانیش خاتوو (ئاڵاعومەرو پەروین خان و هاژەخان و تریفەخان و گەزیزەخان وتاراخان و...هتد) کە بڕوام وەهایە کە من ئەو کەسانەم پەروەردە نەکردووە، خۆیان هونەرمەندو مەزن بوون، بەڵام سودێکی باشیان لە تاقیکردنەوە کانم بینیوە و خۆشحاڵبوون لەگەڵمدا، زۆربەی ئەو زاتانە وەفاو پێزانینیان هەبووە بۆم، خوشکە گەزیزە لە چەند چاوپێکەوتنێکدا باسیکردوم یەکێ لەو منداڵانەی کە لە سانەوی سەلاحەدین لەگەڵماندا بوو کاکە (ئاسۆس) بوو کە من لە شاخ بووم لە مالومە لە ڕادیۆی بەغداوە گوێم لێبوو گوتی:- مامۆستای یەکەم و بە ئەمەکم کاک ڕزگار کەریم فێری کردم کە شانۆم خۆشبوێت!! دام بەسەری خۆمدا گوتم:- سەری خۆی نییە، دەزانێ لە شاخم کەچی باسمدەکات، کەچی ئەو هەموو هونەرمەندە مەزنانەی کورد بۆ ماوەی ٢٩ ساڵیش لە خۆشی و ئازادیشدا بەدەمیاندا نەهات ڕۆژێک لە چاوپێکەوتنەکانیاندا باسێکی شانۆییەکان و هەوڵە کانم بکەن کە لە ئەوروپاشدا وێنەیان کەمبوون بۆ ئەو کاتانە، جا لەم باسەدا دەمەوێت بگەمە ئەو ئاکامەی کە هەموو ئەو بیروسەرنجە ساویلکانەی کە دەوترا منداڵ سێبەری کەسوکارێتی، لە عێراقدا

چۆن بە پێی خۆی بێت بۆ شانۆکان بەدرۆ کەوتنەوەو منداڵی کورد سەلماندیان کە زۆر ژیرو بەجەرگانە شتەکان وەردەگرن و دێن بۆ شانۆییەکان.. کاک سمکۆعەزیزی ڕەحمەتی دەیەها جار منداڵە کاسب کارەکانی گەڕەکی دەرگەزێنی بەخۆڕا دەکردە ژوورەوەو دەیوت:- شانۆی خۆیانە ئیتر چیدی بۆ خاتری ٧٥٠ فلس ڕێگە لە هیچ منداڵێک ناگرین. . کە بەسەر شەقامە کاندا دەڕۆیشتم دەیەها منداڵ هاواریان ئەکرد:- هەلاو های. . ئەوە کوڕەکەی هەلاو هایە. . نیوەڕۆیەک لە کەبابخانەیەکدا منداڵێکی شاگرد دەستی کرد بەگریان لەسەر ئەوەی نەمدەویست پارەکەم بدات.. هەرچەند گوتم:- تۆ کاسبکاری باوکەکەم نابێت، مانیگرت کە بەوەستاکەی دەوت:- پارەکەی لێبسەنێ سبەینێ نایەمەوە بۆ ئیش!! ئاوا منداڵی کورد پێشوازی لەو سێ تاقیکردنەوەیەی (منداڵە بچکۆلانەکە و گەشتی چارەنووس و بەلەمی ئەفسوناوی و پێڵاوی سوور) دەکرد. جێی شانازییە کە خاتوو:- ئەرخەوان ڕەسوڵ وکاک کاوەئەحمەد میرزاو حەمە فەریق حەسەن و وەهبی ڕەسوڵ و عومەر ڕەسول و عومەری کەریم ئاغاو یاسین قادرو مەحمود زامدارو زۆر کەسانیتر دەستێکی باڵایان هەبووە لە سەرکەوتنی ئەو شانۆییانەدا، بە وەرگێڕان و هۆنراوە دانان و ئیشی دیکۆرو ڕووناکی و کارە هونەریەکانیتر، زۆر جار منداڵەکان خۆیان بۆیەو بزمارو پارچە ئێکسسواریان ئامادە دەکردو بەشدارییان هەبوو لە کارە هونەرییەکانیشدا، باکۆ ئەحمەدو فەلاح عیزەدین و هاوار جەمال و هاوار مستەفا هەردەم کاری دیکۆرو بۆیەیان لەگەڵماندا ئەنجامدەدا، ئیریک بینتلی دەڵێت:- (کاتێ کەویستم پەرتووکی تیۆریەکەم بنووسم.. مەبەستی من دەبوا لەگەڵ بیروباوەڕی گشتیدا بایە، لەگەڵ وشەی مۆدێرندا کە دەبێ ئاڵتەرنەتیڤم بۆی هەبێت. . )[١٢]، لەوکاتانەدا ئاڵتەرناتیڤی من بۆ شانۆییە مەزنەکانی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان بە وشیاریەوە شانۆی باوەڕ پێکراوی منداڵان و لاوانی کورد بوو.. پێمناخۆشە کە ئەم قسەیەش دەکەم، پاش شانۆییەکە برای ئازیزم کاک عوسمان چێوار گوتی:- ڕزگار ئێمە ویستمان وەک تیپی پێشڕەو بچینە مێژووەوە و خەریکی کوڕەدارینە بووین (پێنۆکیو) هەتا (حەسەن عەلی) پرۆڤەشی تیاکرد، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی.. تۆ ژێر بوویت ئەو مێژووەت دروستکرد بۆ تیپی نواندنی سلێمانی. . گوتم:- کاک عوسمان هیچ کات ئاگام لەو مەسەلە نەبووەو بیرو بۆچوون و نەخشەی خۆم بووە کە بیکەم لە منداڵیمەوە لەگەڵما بووە، چونکە زۆر جار لەبەردەم شانۆکاندا پاڕاومەتەوە تابمکەنە ژوورەوە وەک منداڵێک و نەکراومەتە ژووری!! دوایش خاوەنی دوو باوەژن و باوە پیارەیەک بووم کە ژیانی منداڵیم هەردەم ناخۆش و پڕ تاڵیبوون، بۆیە دەمەوێت مافی منداڵانی شارەکەم لەوە زیاتر نەخورێت، بەو پەروەردە سەقەتەی قوتابخانەی سەرەتایی و ناو ماڵەوە. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە:- لەژێر باری نارەحەتیی ڕژێمدا ئەوساڵە سەختانەی ژیانمان بەخشی بە شانۆکەمان، سەیرم لەوە دێت لە ژێر ئاسایش و سەربەخۆییدا تائێستاش ئەو حکومەتە کوردییەمان نەتوانێت شانۆییەکی باوەڕ پێکراوی منداڵان و لاوان دابینبکات تا ئێستا. هەندێک لەهونەرمەندانیش لەبەر فرکەفرکەی خۆیان بیرێکیان لە دەزگایەکی شانۆیی یا سینەمای منداڵان نەکردۆتەوە تا ئێستا!! و کە تەماشای بەرنامەکانی منداڵانی تەلەفزیۆنەکانیشمان دەکەیت هەر دەڵێیت خۆزگەم بە ساڵانی هەشتاکان!!!

**سەرچاوەکان:-**


١. مسرح الاطفال – وينفريد وارد- ترجمة: محمد شاهين الجوهري- المؤسسه المصريه العامه للتأليف وللانباء وللنشر- أبريل ١٩٦٦.

٢. The Secret Art Of The Performer/ Eugenio Barba & Nicola Savarese. Edited and Compiled by: Richard Gough

/ Translated by: Richard Fowler. With ١٦٥– the exception of ‘ Nostalgia (pp ١٧٠translated by: Katie Dymoke. First( ١١New by Routledge ١٩٩١ Published in – ٤EE. P٥٤ Fetter Lane. London EC٤P ٥٥

٣. مسرح الاطفال – وينڤريد وارد- ترجمه: محمد شاهين الجوهرى- المؤسسه المصريه العامه للتأليف وللانباء وللنشر- أبريل ١٩٦٦.

٤. الممثل فى مسرح الاطفال – يعقوب الشارونى – مجله الثقافة- السنة الرابعة - عدد ٣٧ ڵكتوبر ١٩٧٦ – قاهرة.

٥. جمهور مسرح الاطفال فى العراق- على مزاحم عباس- مجلة السينما والمسرح – عدد ١. السنة الاولى حزيران ١٩٧٢.

٦. التمثيل فى رياظ الاطفال – د. عونى كرومى – مجله الاقلام – العدد الثالث. سنة الخامسة العشرة. كانون الاول. ١٩٧٩ – عدد خاص بالادب الاطفال.

٧. الممثل فى مسرح الاطفال – يعقوب الشارونى – مجله الثقافه- عدد ٣٧ لاكتوبر ١٩٧٦ – قاهره.

٨. د. عزەدین مستەفا ڕەسول – مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەغداد – ١٩٨٣

٩. چاوپێکەتنێکی تایبەتی لەگەڵ مامۆستا: سمکۆ عەزیز دا ١٩٨٣ – تیپی نواندنی سلێمانی. ڕزگار کەریم.

١٠. چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزادا- ١٩٨٣ – تیپی نواندنی سلێمانی – ڕزگار کەریم

١١. چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ هونەرمەند عوسمان چێوار، مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان. ١٩٨٣

The Theory of the Modern Stage. ١٢. An Introduction to Modern Theatre and Drama. Edited By: Eric Bentley. Published by Penguin Group. Penguin Books Ltd. England ١٩٩٢ Reprinted.

هەروەها سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوەش وەرگرتووە بۆ پیاچونەوەو دەستکاریکردنی هەندێک مەسەلەی گرنگ:-

- Mark Twain: The Complete Interviews (Amer Lit Realism & Naturalism) by: Gary Scharnhorst (Editor). ٢٠٠٦ (University of Alabama Press.
- www. cmgww. com/historical/ ١٨٩٧– twain/writings. How to tell a story and other Essays (non-fictional Mark Twains Note book-١٩٣٥/(essays (Published Posthumously)).
- American Literary Realism, ١٩٧٧ compiled by: Louis Budd. winter issue. From www. twainquotes. com. Mark Twain Quotations,Newspaper collections &Related Resources. © Barbara Schmidt.
- أدب الاطفال فلسفتة فنونه وثائقه- هادى نعمان الهيتى- منشوراة وزارة الاعلام. الجمهورية العراقية- سلسلة دراسات ١٢٧ – دار الحرية - ١٩٧٨
- شانۆی منداڵان وەرگێڕ، عوسمان چێوار- هەندێ مەسەلەی شانۆیی زنجیرەی دوو لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هەنەرو وێژەی کوردی لقی سلێمانی – چاپخانەی حافز -١٩٨٠.
- شانۆگەری: منداڵ، نووسینی: عومەر عەبدول ڕەحیم. چاپخانەی کامەرانی سلێمانی، ١٩٧٢ بەرگی یەکەم
- ئارشیفی نیقابەی هونەمەندان لقی سلێمانی – ئامادەکردنی: کاوە ئەحمەد میرزا، بۆ شانۆکانی باخچەی ساوایانی سلێمانی و مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان.
- شانۆیی: بەیتی ڕێزانکێ- نووسینی: سمکۆ ناکام، بەیان – ژمارە ٥٦ تەموزی ١٩٧٩.
- ڕیپۆرتاژی مەحمود زامدار – بەیان – ١٩٧٩. ژمارە – ٥٦.